Ji ber ku herdû jî Botî bûn, bûyera nabêna wan ji bêhtir li herêma Botan belav bûbû. Wextê ku ev herêm bi vê gotinê diçeliqî, ez jî li wê derê bûm û ew deng dihatin diketin guhê min jî. Hingê min zêde guh nedida wan, lê vê paşîyê gava ku min ew bûyer di şiroveya Seydayê Hejar ya li ser Dîwanê jî xwend dilê min çêtir li serê rûnişt.

Bi ceweta derbasbûna navê M. Selam ez dê bi hindikekî qala wî jî li vir bikim. Mele Evdilselam Nacî xelkê Cizîra Bota ye. Ew merivekî pir zana û welatparêzekî hêja bûye. Wî melletîya Xwendegeha Sor (Medresa Sor) kirîye. Ewa ku hevdemê Melayê Cizîrî Mîr Şerefxan ava kirîye. Melê jî tê de ders daye û niha jî tê de veşartî ye. M. Selam vê paşîyê ji ber hin sedemên olî û sîyasî reviyaye "binxetê" û li wir bûye melayê Mizgefta Mezin ya Qamişlîyê. Wî zimanê Kurdî, zaravê Kurmancî baş zanibûye û hê berê jî gelek xebatên wî li ser Dîwana Cizîrî çêbûne (1).

Mele Ehmedê Zivingî kurê Mele Mihemde e, bi eslê xwe ji Paloyê ye. Lê piştî mirina kalê wî, bavê wî terkeser bûye. Di vê navê de wî li gelek xwendîye û dersdarî kirîye, lê dawîyê li Zivingê, gundekî nahîya Finikê ye li herêma Botan, ciwar bûye. Mele Ehmed di sala 1893'an de li bajarê Sêrtê hatîye dunyê. wî xwendina xwe li ba bavê xwe kuta kirîye û di şûna bavê xwe de dersdarî kirîye. Piştî demekê ew ji ber hinek nakokîyan tevî malbata xwe bar kirîye çûye Cizîrê. Paşî ji wir jî berê xwe daye "biinxetê" (Kurdistana Sûrîyê). Wek her melleyî wî jî li wir gelek cih guhertîye, lê dema nivîsîna vê şerhê ew li Qamişlîyê muftî bûye. Muftîyê me ji ber xebata xwe ya zêde di dawîya temenê xwe de bînahîya çavên xwe wunda kirîyeû ji vê bonê jî ji muftîtîyê teqawud bûye û çûye li Helebê bi cih bûye. Di 1971'ê de li wir wî piştî bînahîya çavan wî dilê xwe jî winda kirîye çûye rehmetê.

Mele Ehmed zimanên Rojhilata Navîn mîna Kurdî, Erebî, Tirkî û Farisî baş zanibûye û gelek xebitîye ku ji wan zimanan pirtûkan wergerîne zimanê Erebî (2). Lê welê xuya ye xebatên wî nîvco mane. Mela Ehmedê Zivingî di pêşgotinê de gelek rexne li wan

nivîskar û zanayên mîna; Îbn el-Hacib, Îbn el-Sal... Îbnî Xilkan, û Îbn el Esîr yê dîroknas, dike û dibêje "wan çima berhemên xwe bi Erebî, Farisî, Tirkî hette bi Hindî jî nivîsandine û ji wan zimanan re xebat kirine, lê xetek be jî bi zimanê xwe nenivîsandine". Ew vê yekê eybeke giran ji wan re dibîne û rast e jî, lê pirr mixabin ew jî dikeve wê şaşîya wan, çimkî wî jî şiroveya Cizîrî bi Erebî çêkirîye.

Zivingî her çendî bi Erebî şerha wê kiribe jî, lê xebatek pir hêja kirîye û ji bo berhemeke baş xwe gelekî pê re êşandiye. Ew dîwanê sê caran şirove dike. Carekê peyv bi peyv digre û maneya wan a ferhengî diyar dike, lê ji yên Erebî bêtir yên Kurdî, Tirkî û Farisî mane dike. carna hinek gotinên Erebî yên zor jî dibêje lê ji ber ku zimanê pirtûkê bi Erebî ye, ew zêde pêwîst nabîne ku wan peyvik yan hevokên Erebî, digel ku pir in jî, mane bike. Piştî ferheng kirina du malikan, gotin bi gotin, încar ew wan malikan bi kurtî li ser hev şirove dike. Di pey vê de jî nivîskar cardin wan malikan bi tevayî bi awakî hê dirêjtir mane dike û li gorî xwe mebesta mebesta Cizîrî jî di nav rêzan de dide zanîn.

Seydayê Zivingî pêşgotineke dûr û dirêj li ser jîyana Melayê Cizîrî jî bi rêk û pêkî kirîye. Her weha ew, dema Cizîrî û temenê wî jî her çendî ji sedî sed nîn be jî qenc ruhnî kirîye û gelek gotin û îddîayên şaş û çewt ku di vî warî de hene, bi delîl û îzbatên ku ji helbestên Melê bi xwe tîne, pûç dike. Ew wan dîtinên cuda wek yên Bilêç Şêrgo, Mihemed Emîn Zekî Beg, M. Elî Ewnî Beg, August Jaba, Von Hartmann û hinekî din tev dide ser hev, wan analîz dike û çewtîyên wan radixe ber çavan. Paşî jî ya ku herî nêzî rastîyê ye derdixe holê û hêvî dike ku ev dê alîkar be ji bo dîtineke herî rast a li ser jîyan û tarîxa dewra Melayê Cizîrî.

Mela Ehmedê Zivingî di pirtûkê de zêdetir li ser tesawûffê radiweste û Dîwanê bi awayê felsefeka sofîtî şirove dike. Ew zêde li ser pirsên civakî, gelêrî û tengasî û zordestîyên wê demê ku bi serê gelê Kurd ve hatine û Melayê Cizîrî jî wan di helbestên xwe de anîye ziman, nasekine. Ew yan wan nabîne, yan jî çavên xwe ji wan re digre û bi kurtî derbas dike.

(1) Îqd el-Cewherî Şiroveya Dîwana Cizîrî, Şiroveya Mam Hejar li ser Dîwanê.

(2) Pêşgotina Diyauddîn Mela Mihemed li ser çapa duemîn ya Îqd el-Cewherî

www.arsivakurdi.org

# Çîroknivîsekî Kurd:

# NIZAR MEHEMED SEÎD

*Amadekar:* **Xelîl Dihokî**

Li sala 1952 ê, li bajarê Dihokê ji dayik bûye. Li Dihokê xwendiye û li Mîsil peymangeha mamosta bi dawî aniye. Li sala 1973 ê, dest bi nivîsînê kiriye. Ew li berahiyê rojnamevan bûye û paşî çîrok nivîsîne. Li sala 1978 ê, çîrokên xwe belav kirîne. Sala 1985 ê, komeleka kurte çîroka bi navê"Aş" çap kiriye. Di piraniya rojname û kovarên kurdî da, vekolîn û gotar belav kirîne. mişe berhemên edebî, ji zimanê Ingilîzî wergerandîne kurdî. Endamê Yeketiya Nivîskarên Kurde li Kurdistana Îraqê.

Berhemên amade ji bo çapê evin:

1. Jan, komeleka kurte çîrokaye.
2. Ji îdyemên kurdî.
3. Ji bîr û bawerên kurdî yên kevin.
4. Komeleka şanogerya ji bo zarokan.

Nizar Mehemed Seîd, çîroknivîsekî xwedan taqet û şiyanên bilinde, çi ji layê formê ve û çi ji layê naverokê ve jî. Di van salên dawîyê da, karîye bête nav qada çîroka kurt ya kurdî û cihê xwe di dilê xwendevanan da bike. Heta niha çendîn vekolîn, li ser çîrokên wî hatîne belav kirin. Me ev hevpeyvîne digel kiriye û dê çîrokekeka wî jî, ji pîtên erebî wergerînîn yên latînî û danîne ber destên xwendevan û rexnegiran. Em hêvîdarîn ku bi dilê hemyan bin.

***  ***

* Kengî û bûçî te dest bi nivîsînê kiriye?

** Binemala ez ji nav rabûyim, her ji zaroktî heza xwendinê di dilê min da çand. Bapîr mela û bab mamosta û hemî qolaç û qujbinên malê pirtûk, rojname û belavok bûn. Li destpêka sala 1970 ê, ji bo cara yekê min pêkol kir û hest û nestên xwe bi êweyekî ji êwên nivîsînê derbirîn. Çawa min xwe bi nivîsînê deranî, hejmareka belavoka derfet da min û wek agirdek li cîhana rojnamevaniyê hatime wergitin. Holê min zendikên micidîyê heldan û pê xwe havête derazînka nivîsînê û heta niha jî berdewamim.

Helbet bîr û rayên min bawerî pê dianîn û hay ji xwebûna netewayetî, du egerên karîger bûn ku, ez paldame nivîsînê. Bêgoman xwendin û nivîsîn stîna jiyana giyanîya milletan û kesayetiya mervane, ne tenê millet bi nanî di jîn, werarê dikin û bextewer çaxên xwe dibene ser, ji lewma ez gehitime wê bawerye ku, xwendin û nivîsîn ji min ra nola nan, av û bay lê hatin. Di vê rewê da ez hest bi hebûna xwe dikim. Dîsan weku mirov, ji berku di nivîsînê da em ji ankuwa bîrî û hunerîya mirovî li gor karîna xwe di geryên. Kar, kiryar, rewit, tîtal, ronitin, hest û nestên mirovî babetên serekîne ji bo nivîsînê, lew-



www.arsivakurdi.org

ma nivîsîn xebateka pir pîroz û bêqam hejî û giringe di jiyana milletan da, nexasime milletekî wekî miletê me yê kurd.

* Barê edebê kurdî evro çewaye?Helbest, çîrok û rexne.

** Barê ebî yê kurdî di her qonaxekê da, bêgoman havilî bi barê jiyana miletî ve heye, çi ji aliyê siyasî, çi ji aliyê aborî û civakî. Eger çî barê edebî carina xwe ji kevlojankê vî barê jiyanê yê me gotî dertêxît û li pêiyê diçît, lê bi tevavî nikarît xwe ji qeyd û zincîrên wî qurtal biket. Bigirêdan ligel qonaxên rabûrî heta radekê rengên edebî-helbest, çîrok û rexne-bi ûn da nemayne, lê ez yek ji wanim yên ne razî ji ber egerên jêrî:

-Zorbey nivîserên me, hespê wan di derbirînê da, li nîva rê di setimin, ji ber wênên êlî, tem û mijê ku, karên wan zo bi zo na hêne wergirtin û têgehitin. Eve jî, ya ji min ve, ev çende ne kar û wezîfa edebîye. Eve ji layekî ve, ji layekî dî ve sombol "remiz"zal bûye ser karên edebî ji bo xwe dûrxistinê ji berpisyarî û azardanê.

-Nebûna rexnê.

-Nebûna zimanekê edebî ku, edîb li ser rêk bi kevin. ta di çarçûva zaravekî da ji zaravên kurdî, lew dê bînî, her yek bi zaravokê gund ya bajarê xwe di nivîsît.

-Nebûna rênivîseka êkgirtî di nivîsînê da.

-Gîxa nivîser û xwendevanên me, ji egera nebûna xandina kurdî, zalbûna ne xandevaniyê û kizîya bazarê pirtûkê, gîxeka bertenge.

-Kêmiya harîkarî, palpitî û nebûna çapxana li kurdistanê.

-Pêkolîna dijminên milletê kurd, ji bo tera û bera kirina rewenbîrên kurd û pirt û barvekirina zimanê kurdî.

-Sext û dijwariya barê aborîyê jiyanê, helbet karî li ser efrandinê diket.

* Hizra te li ser edîbên dervey welatî çîye?Wezîfa wan çîye û çi bikin bae?

** Edebê kurdî yeke û bizava kurdî li kîve bît, her ji bo yek nêt, merem û yek armance, nahête parvekirin û ji hev cuda kirin. ji here erk û obalên giring yên edîbê kurd weku pêengeka zana, areza, rêzan û têgehitiyên milletî bibîte xwedîkeka rasteqîne ya milletî, tev reftar, dab û nerît, rabûn û ronitinan ji biyaniyan ra zil û berçav biket. Pa weku edîb û rewenbîr, ya fere edebê kevin û yê nû yê milletê kurd bidene nasîn. Bo vê çendê, ez dibînim gereke bizav û livlivîneka gerim û gur ya wergêranê serhildet û bo vê meydanê, zimanzan û areza bihêne kêan, çi ji kurdan û çi ji biyaniyan, nemaze rojhelatnasan.

Li ser edîbên kurd li dervey welatî û ji bo wan ketiye ku, her titekê li ser kurdan bi bihîsin, yan bi pê çavên wan bikevît, di pirtûkxane û entîkxana da kom biken. Ez dibînim karekî pîroze û bê renc û çetne, nexasime teknolojya niha vî karî pir hêsan diket.

* Tu bi çi mijolî û pirojên te çine?

** Çîrokên di navbera salên 1985-1991 an da, min nivîsîn, ez niha wan ji bo çapê berhev dikem. Dîsan min li bere derfetekê ji çapkirina pirtûkên jêrî ra bibînim, yên ku eve demeke bi dawî hatîn:

1. Komeleka kurte çîrokan ji zimanê Ingilîzî hatiye wergêran bo yê kurdî.

2. Ji îdyom û pendên belav li nav kurda.

3. Kurd û baweryên millyên kevin. Hijmareka vekolînaye.

4. Şanogerî ji zarokan ra. Hijmareka anogeryane, taybet bo zarokan hatîne nivîsîn.



www.arsivakurdi.org

* Di vî kawdanê xirab da, dewrê edîbê kurd çîye?

** Eha di kawdanên holê da, gereke edîbê kurd dewrê xwe bibînît, nemaze edîbên li dervey welatî, divê ew xwe diblomasîyên kurd bizanin û nwêneryeka rasteqîneya milletê xwe, li cem millt û mîrîyên ew di nêv da biken. Ya ji hemya giringtir ewe evro edîb dijî xeletî, sistî û riftarên ne hejî milletê me bi peyvît, bi dengekê bilind bikete qêrî, bêtirs û bêlayengîrya cihekê li ser hisaba cihekê dî, hemî hêz û vejen ji bo nêzîk kirina milletî bin, beref asoyeka nû, ber bi armanca pîroz.

Bihizra min em pêtir ji milletên cîhanê pêdivî dîmokrasîyêne di nav xwe da. Em pêtir pêdivî rexneka avakerîn. Lewma rojnamegerya kurdî ku, meydana hêja û birayên edîb û roenbîre, divêt dewrê xwe yê dirust bibînît û li ast û loka berpisyarî û tirsinakîya bûyer û rûdana bît. Dîsan gereke edîb pêtir bi xebitin ji bo yekgirtina xwe û yegirtina hêzên pêrew yên milletî.

* Edebê biyanî çi kartêkirin li ser yê kurdî kiriye?

** Milletên zêndî, xweyî dîrokeka dêrîn û bajêrvanî, mifay ji serbûrên hev, di hemî buwarên jiyanê da werdigirin, eve jî titekê sirutiye. Edeb buwareke ji van buwara, vê rayê belî diket, nemaze çaxê mirov jêderan sebara edebê berawirdkirî dixwînit.

Edebê milletê me, yeke ji edebê van milletan. Pencên kartêkirina edebê biyanî heta radekê lê diyare, ji alyê rîç, rêbaz û mesebên edebî û hunerê nivîsîna çend rengên edebî ve, nexasime kurte çîrok û romanê. Hejî gotinêye ku, kartêkirin ya girêdaye bi bizava wergêranê ve, ev bivave jî heke me hebît, ya lawaz û kiz. Ji ber hindê em pir pêdivî mezaxtina hêz, iyan û vejenayne bo vî layî, da ku me li pê wext hay ji ser û berê efrandinên milletan hebît, evca bo zimanzanên kurd ketiye, nemaze evên li derve xandîn, pîte bi vê çendê biken. Li vir ez dibînim ji ferane, hizrên çêkirina komelekê bo wergêrên kurd rêkbêxîn da bi vî karê fer rabibît.

*** *** ***

# DUDIK

Tidareka wî ya wesaye, çi cihê lê rawestiya, xelk lê xirbûn. Delengêt elê wî di cizmekê da di veartîne. Hiçkêt sakoy, yêt veçemandîne ser zendika xo. Çantkekê kevlî wekî bazbenda di ber xo danaye, tijî pê ve zirzirk û mirmirin.

Li ser textê çayxanê pêyekê di ser pêyekê ra havêtî. Çavêt wî yêt sor û kûr, di diyarin birsiyên xewêne. Hinde tolazêt bi rex ve yariyekê diken. Ûkê ji wan got:"Mîrzo..Ü Mîrzo..Nenive yaro..Sehkê teraziya rojê jî rast bû, hêj te ne pif kiriyê, eve dê hosa nextî lêkdey?!"

"Nexto..Hay nexto!!Bawer bike bi herdu mila ezê ji berêkêt xelkê

di înime der, heta niho min hêj heqê stovankê ne vecemandiye!Da hîn bizanin".

Ék hat û bi rex Mîrzoy ve rûnit, Mîrzoy di bin mijîlanka ve çav bi nik ve badan û bi lez zivrandine ve!Paî rast rabû û ji wan dura

xewarebû. Kulavê xo bi tîyekê êxist û xo berda nav bazarî.

"Tu çi cara hosa nakeviye lepê min..Xo delîveye..Mergê te sê cara Mîrzo!"

Evê li çayxanê li def ronitî, ji dîrve dît, îna ev axiftine di dilê xo da digot.

Gehite pit Mîrzoy..berpêkek dayê û palek pêrana..Mîna spîndarekê qirande erdî, lingêt wî qiluzbûn û xo dinav qerabqlixê ra berzekir.

Mîrzo rabû ser xo..Dinya li pê çava êlîbû..Toz ji xo daquta..Xelk lê xirbûn û bi pisyara çûn.

Mîrzoy mista xo çemand..Xuzyiya xo bi kotekî daîra..Didanêt xo

çirakandin..Çav di serî ra zîqbûn..Rondik di çava da zivirîn... Zivirîn û bûne rêz bi riya da.

Hiçkê xo hilandê vemalîn..Kela wî hate xar. Dest di ber paxla xo da bir, patek jê anî der..Vekir..Pirim pirmek jê çû:

"Ya xudê bi izneha te..Ya rebbî çi lê ne hatibît!Ne ikestîbît..Dilê perasiyekêye, du yaye!!".

Pate hemî vekir..Herhadir bikurînaka ge ji lêva barî. Pêta zivrande ve kire di paxla xo da..li dûr xo zivirî ka ca çi titê wî neketiye wara?

berî xo ji nav bazarî bi helînît, bi dengekê bilind eve di dilê xo da rêt:

"Wekî hestiyê marî tu çûye di binê pê min ra, tu nabêjye min te çi divêt?Kurê min ..Te diniyasim..Min di niyasî?!Tolazêt wekî te, wan mirade ez bîstekê suhbetê, ligel bikem..Awaza jê ra bêjim, lê diyare tu yê ji bin tiraekê hatî!Ha..Hahaha. Te nevêt eve jî min li dîna bibînît!!Pa heke hemî dîn wekî min bin, hema ez jî êk ji wan..Dîn..dîn!".

Li ser lêveka cahdekê ji cahdêt bajêrî, bireka tolaza li dûr bûne

tan û bi lêvê ve nwîsyan..

"Dê pifkê..Pifkê Mîrzo biarîne..Tu kovanêt dilî verevîne".

Heyameka xo ma hizrêt xo kirin, lê çi rê ne birinê.

"Ne çaxê hindêye..Belê pa çi bikem ez neêm bê dilîya van tolaza bikem".

Destê xo careka berda di paxila xo da..Pate helkêa..dudik ji nav îna der..Pîk birine ber..Hilande lêvêt xo ne hiland û awaz mîna tavyeka buharê hatin xarê. Evêt li wan dûra mestbûn ketine dîlanê.

Teve da çendeka bi dengekê bilind kirine gazî: "Şaba..Şaba..Şaba"

Çawa sewka bi tenwîrî vedden wesa biçwîk yê derhema tiv diden û bi enya Mîrzoy ve dinin.

Ew yê di ber dudikê ra, bi destekî jê ve diket û dikete di berîka xo da.

ji dudikê pêvetir hay ji bayê dinyayê nîne, xuh weya vê da diête xarê, bo av û lolav. Kes ezmanê kesê nizanît, dê bêjî bazarê sefaraye.

Wan hind dît qerebalox jêk vebû, êk li hindav serê Mîrzoy çikilî û dengê dudikê xendiqand. Ji kel hat û bi kerb wî xo li dudikê da..Ji wî kê û ji Mîrzoy kê, ne herê bi mirina Mîrzoye, kesekê dî bi xo nedîtiye, gereke kîna xo birêjît!.

Bi Mîrzoy ve kesîrebû, dudik ji lepa dernakevît.

ïna ya pê may, destê xo da pa û hindî jê hatî daweand..Çimzir!!

Çirîsk ji çavêt Mîrzoy peîn. Di gavê da kes nema li wara, dê bêjî pirtêt befrêne helyan.

li hindavî rûbarê bajêrî, evê êkane û sîng li wexerê, li serê girekê, Mîrzoy careka dî heval

xirkirin û wan derê hizîlkêt dilêt xo ji hev ra vekirin.

roja sore mîna çavêt Mîrzoy, mîna bizotekê ge, ya tête pê çava.

Axiftina axiftinê radikêît, Mîrzo jî pê di zik da dikelît.

Girnijîneka sar xo hilavête ser lêzêt wî yêt qeavî û got:

"Xudê karê bêbext û zordara rast neînît..Ma dihêlin!ka dudikê çi kiriye babo?!Min hîvî heye, kes ji evro pa ve, ne bêjîte min dudikê lêde. Ez hîngê dê lêdem, tola xo vekem, hîvîdarim li min negirin".

Tila xo eva di ber axiftinê ra li hindav kolavê xo dihejand, îna lêv li lêvê ne da bîsteka xo.

Nebêje yê di dilê xo da stiranekê dibêjît, hay ji xo nema dengê xo pîç pîçe ber da:

"Rê dûro Mîrzo..Barê kulano Mîrzo..Pajo dê pajê keser kûro Mîrzo..Roja te îro avabû dê pajo".

Hevalêt wî tev da dengekê xemgîn berda: "Taw..Taw..Taw Mîrzo".

*** *** ***

www.arsivakurdi.org





www.arshefkurd.org



EN UTSIKT I KURDISTAN 43,5x41,5 cm

www.arsivakurd.org



노인(Old man)



www.pertwkurd.org



집에서(In the house)

گوڵبژێرێک

لە کارەکانی «مەدحەت کاکەیی»



www.arsivakurd.org

## ئەو شتەی عەلیشیش نایزانێ (٤)

هەبوو نەبوو عەلیشیشێک هەبوو. هەمیشە بیریدەکردەوە، بەڵام تەنیا و تەنیا بیری لە خۆی دەکردەوە. هەر لەو رۆژەوەی سەری لە هێلکە ترووکا، گووتی: «گەلۆ من گەلێ وردیلەم. گەرەکە زۆر هەراش ببم!». ئیدی گەورەبوو، هەر گەورەبوو تا هێندەی تووتکە بەرازێکی لێهات. ئەوجا گووتی: «ها ها ئێستا باشم».

بەرچێڵەی بەردایەوە. تا بڵێی عەلیشیشێکی گەورە و بە دیمەن بوو. چووە لای گۆماوێک و لە وێنەی خۆی نۆڕی. کلکی نشکردەوە و خۆی پفهەڵدا، گووتی: «لێمدا، ئێستا تەواوم!».

زۆر بە خۆیەوە دەنازی. هەموو کەسێکی بەلاوە گێژ و وێژبوو. دەیگووت: «بەخوا هەموویان نەزانن، هەر خۆم نەبێ ژیر و بە ئاوەزم».

کچێکی بچکۆلە هاتە ناو باخەکە. عەلیشیش خۆی لێبگێفکردەوە، هێندەی نەمابوو زیلەی بڕژێنێ. لە دڵی خۆشیدا، دەیگووت:

«چما ئەوە منم! بە راستی ئازا و بەهێزم!».

جەژن بوو، کابانی ماڵ ویستی بیگرێ و سەری ببڕێ، بەڵام عەلیشیش بازێکی هەڵدا و بەسەر پەرژینەکەدا ئاودیوو بوو. خۆی کوتایە ناو دارستانەکەوە. رایدەکرد و لە دڵی خۆشیدا، دەیگووت: « خەیاڵت خاوە، پێتوایە دەمگریت!! ناترسم، من لە تۆ فێڵبازترم».

بەڵام خۆ لە رێوی فێڵبازتر نەبوو!!

لە ناو دارستانەکەدا شەوی بەسەرداهات و رێوی بە ماتەماتە لێی هاتە پێش. خۆی بۆ هەڵدا و بە قەلمبازێک گرتی. رێوی گۆشتی عەلیشیشی دەماشتەوە و بە تیز و تەشەریشەوە دەیگووت: «های لە خۆت گەوج و نەفامێ، بە درێژایی ژیانت بیرت لە گەورەیی و ئازایی خۆت دەکردەوە، بەڵام ئەو شتەی هەرگیز بیرت لێنەکردەوە، ئەوەبوو کە گۆشتێکی چەند بەلەزەتت هەیە».

(١) گۆڤاری Sputnik
3-1988

(٢) گۆڤاری Misha
9-1989

(٣) گۆڤاری Sputnik
5-1978

(٤) گۆڤاری Cultur and Life
1-1961

www.arsivakurdi.org

## گرنگترین قەڵەم (٢)

جارێکیان، حەوت قەڵەم لە پاکەتێکدا بوو بە مشتومڕیان. قەڵەمی سەوز گووتی: «من لە هەمووتان گرنگترم! دەتوانم وێنەی دارستانێکی ئەوتۆ بنەخشێنم هەموو شوێنێک بگرێتەوە». قەڵەمی قاوەیی گووتی: «تا ئێستا من نەمبینیووە دارستان لە زناری چیادا بڕوێ. زناری چیا تاشەبەردی گەورەگەورەیە و هیچ شتێکی تێدا ناڕوێ. من دەتوانم وێنەی زنارێک بکێشم».

قەڵەمی زەرد گووتی: «زنارەکەی تۆ سەرەنجام دەبێتە پلووکە بەرد و دەچێتە کەناری چەم و رووبار. ئیتر بۆ وێنەی کەنارێک نەکێشین؟؟».

قەڵەمی شین گووتی: «کەنار بەبێ دەریا بیابانە. تەنیا منم کە بتوانم وێنەی دەریا و ئاسمانێکی بێگەرد بکێشم». قەڵەمی سوور هاواریکرد: «منیش دەتوانم وێنەی هەتاو بکێشم. پێم نالێن ئێوە لەو کەنارەدا چیتان لە دەستدێت، ئەگەر دنیا تاریک و شەوەزەنگ بێ؟؟».

قەڵەمی رەش نەڕاندی: «رەنگی من گرنگترین رەنگە، کاتێ هەموو شتێ دادەپۆشم، دەیکەم بە شەوی ئەنگوستەچاو». قەڵەمی سپی، هاوڕێکانی هێورکردەوە و گووتی: «هیچ مەترسن، کاتێ من وێنەی مانگ دەکێشم، هەموو شتێ رووناکدەکەمەوە».

لەو کاتەدا «تۆلگا»ی بچکۆلە پاکەتەکەی کردەوە و مشتومڕەکەی وەستاند، گووتی: «من دەتوانم وێنەی هەموو شتێک بکێشم، چونکە من لە هەمووتان گرنگترم. من هونەرمەندم».

## گورگە بۆر (٣)

بەهار بوو، بەهارێکی بە کەیف و سەفا. مێگەلە مەڕێک لە بناری کەژێکی رەنگین و بە گیا و گوڵ دەلەوەڕان. مێگەلەکە کۆمەڵە شوانێکی گاڵۆک بە دەستی هەبوو. شوانەکان زۆر شادان و خەندانیان رادەبوارد. شەو و رۆژ بلوێریان دەژەند و لەگەڵی هەڵدەپەڕین.

لە ناکاو دێڵە گورگێکیان لێهەڵکەوت، جاڕس و وەڕسیکردن. هەموو شەوێ شاڵاوی بۆ دەهێنان و کاوڕێکی گۆشتنی لێدەڕفاندن. چەندی داویان بۆ دادەناوە، گورگە بۆریان بۆ نەدەگیرا. شەو تا بەیان ئێشکیان لە مێگەل دەگرت و نەدەنووستن. شەوێکیان، مانگ هاتبووە ناوەندی ئاسمانێ، خەرمانەی دابوو. شوانێک بلوێری لە بەر پشتێنی دەرهێنا و تێیتوڕاند. ئەوانی تریش لەناو ئەو چیمەن و چایەرە، لەو دەم چەم و رووبارە بە شایی و سەمایێ کەوتن.

لە پڕ کاکی بلوێرژەن، لوورەی گورگی هاتە بەر بای گوێ. ئاوڕی دایەوە، چ ببینێ! توومەز گورگەبۆر هاتۆتە ئەو نزیکانە و بە هەوای بلوێرەکە بە هەڵەکە سەما کەوتووە و تەواو ئاگای لە خۆی براوە. بە هەوایی ئەوەیە تێر کەیف و سەما بکا و پاشان نێچیری خۆی برفێنێ و هەڵێ. بەڵام شوانەکان دەسبەجێ شاییان بەردا و کەرکێکیان هەڵدایە سەر پشتی گورگەبۆر و لە جێوە گرتیان.

ئەو شەوە تا بەیانی بە گورگەبۆریان رابوارد. بە گاڵۆکان وەریگەڕانێ، هێندەیان کوتا، کۆڵی کۆن و نوێیان پێی هەڵرشت. بۆ بەیانیش رەوانەی باخچەی ئاژەڵانیان کرد.

با لەوێ تێروپڕ شایی بکا، بەڵام چیتر کاوڕان نەدزێ.

# ئەفسانە بۆ منداڵ

## گۆڕینی لە ئینگلیزییەوە:

بەدران ئەحمەد حەبیب

تانینا ماڤرینا نیگارکێشی چیرۆکە ئەفسانەییەکانی «ئەلیکساندەر ئافاناسیف»ە، دەڵێ: «شتێکی جوانە لەم سەر زەوییەدا هەتاو هەڵدێ و ئاوادەبێ، دارستان ورشە و هاشەی دێ و چەم و ڕووبار هاژەدەکەن، سەدان ساڵە هەروابووە. مرۆڤ ئەو بەردەوامیتییەی دەوێ. بنەچەی هەندێک چیرۆکی ئەفسانەیی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژگاری کۆن، ڕۆژگاری «ئەتینی»، واتە پێش دە سەدە یان ڕەنگە پتریش.چیرۆکی ئەفسانەیی لەو ڕۆژەوەی سەری هەڵداوە، لە زارێکەوە پەڕیووەتە سەر زارێکی تر و لە داپیرەوە بۆ کوڕەزا و کچەزا ماوەتەوە. چیرۆکی ئەفسانەیی وەک هەڵاتن و ئاوابوونی هەتاو «هەتا هەتایە» دەژی و تیشکداوێ». (١)

گەورە و بچووک وەکو یەک حەز لە چیرۆکی ئەفسانەیی دەکەن. ڕەنگە هۆی ئەمەش ئەوەبێ کە چیرۆکی ئەفسانەیی بە خەون و خەیاڵێکی ڕەنگین ڕازاوەتەوە و ڕووداوەکانی یەک لەسەر یەک و کوتوپڕ و دوور لە ژیانی کۆمەڵایەتیین. منداڵ خولیا دەروونییەکانی خۆی لە چیرۆکی ئەفسانەییدا دەدۆزێتەوە و چێژ لە خەیاڵفراوانی و ئەفسوون و سەیر و سەمەرەی خەیاڵکردیان وەردەگرێ. تێکەڵاویی مرۆڤ لەگەڵ دێو و درنج و ئەژدیها و بە زمانهاتنی گیانلەبەرانی بێ زمان، سەرنجی منداڵ بەکێشدەکەن.

هەرچەندە چیرۆکی ئەفسانەیی بەرهەمی بیر و چاوی خەیاڵە، بەڵام زۆر شتی ڕاستیشی تێدا هەن. خەڵک فێری چاکەپەروەری، بێفێڵی، ئەمەکداری، غەریبنەوازی، خۆشەویستیی نیشتمان و ڕک لە زۆرداری هەڵگرتن دەکەن. هەموو نەتەوەیەک چیرۆکی ئەفسانەیی و چیرۆکگێڕەوەی خۆی هەن و ڕەسەنایەتی کەلەپووری ئەو نەتەوەیە دەردەخەن. «هانز کریستیان ئەندەرسن»، «برایانی گریم»، «شارلز پیرالت» و «ئەلیکساندەر ئافاناسیف»، ناویان لە سەرتاسەری دنیادا ناسراوە. ئێستا گەلێ چیرۆکنووسی ئەوتۆ لە مێژوو هەڵکەوتوون، خۆیان چیرۆکی ئەفسانەیی دەنووسن.

وەرگێڕ

ئەمەی خوارەوە چەند نموونەیەکی چیرۆکی ئەفسانەییە، بۆ منداڵان.

رەگەزەش بریتیین لە رەگەزی «مێینە و نێرینە» لە مێژووی شاری سلێمانیدا و هەمان دوو رەگەزیش هەروەکو لە باسەدا هاتووە، لە ململانێی نێوان فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە و کەیفان خاتوونیشدا بەرجەستە بۆتەوە «٢٣-٢٦».

ئەم دوو بنەمایە دەکرا لە ناو پێکهاتەی قەسیدەکەشدا لێی بکۆڵرێتەوە و زیاتر دەستنیشان بکرێت. هەروەک چۆن نووسەر دەڵێت «لە ناوەراستی بەشی چوارەمی قەسیدەکەوە، هەموو نیوەی یەکەمی بەیتێک شایە و نیوەی دووەمی هەمان بەیت شینە...»، ئەمە خۆی هێماکردنێکی ئاشکرایە بۆ هەردوو رەگەزی «ئەنیما و ئەنیمۆس». واتە نیوەی یەکەمی هەر بەیتێک ئەنیمییە و نیوەی دووەمی هەمان بەیت ئەنیمۆسییە لەبەر ئەوەی رێبوار لە روانگەیەکی یۆنگییانەوە دەستپێکردووە، دەیتوانی ئەم هێمابۆکردنە فراوانتر بکات و زیاتر لەسەری بڕۆشتایە بۆ ئەوەی ئەنجامی دی بەدەستبهێنێت.

بە نیسبەت ئەو دوالیزمانەی لە دوا بەشی باسەکەدا هاتوون، واتە دوالیزمی «ئاو/خۆر، ئاو/خۆر/خاک، هتد» راستە ئەمانە لە ناو قەسیدەکەدا دیارن، بەڵام من دوالیزمی سەرەکی ئەم قەسیدەیە بە دوالیزمی نێوان «یۆتۆپیا» و «واقیع» دەزانم.

ئەوەی نالی کردوویەتی بریتییە لەوەی کە سلێمانی بکاتە زەوییەکی میتۆلۆژی، یان بیکاتە یۆتۆپیا و بەهەشتێک کە دواجار ناتوانێت ئەم بەهەشتە بدۆزێتەوە، چونکە، ئەو کاتەی نالی سلێمانی دەکاتە میتۆلۆژیا، لە هەمان کاتدا مێژووی سلێمانی رووبەڕووی واقیعی دەکاتەوە و ناتوانێت لە پێکهێنانی میتۆلۆژیاکەیدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێت. واتە شکستدەهێنێت لەوەی ئەرزی سلێمانی بکاتە ئەرزێکی میتۆلۆژی چونکە لە بنەمادا زەوییەکەی مێژوویە و ملکەچی مێژووە. کەواتە ئەو پرۆسەیەی نالی پێیهەستاوە، پرۆسەیەکی موستەحیل بووە، چونکێ رەگەزی هەرەسهێنانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە هەر لەم روانگەیەشەوە، دەبوو باسەکە ناوبنرایە هەرەسهێنانی چەمکی میتۆلۆژیا...

جگە لەو دوالیزمانەی نووسەر باسیکردوون ، چەند دوالیزمێکی تریش لە قەسیدەکەدا هەن، وەک دوالیزمی «هەوا/ئاو»، هەروەکو نووسەریش دەڵێت: بزووتنەوەکە لە هەواوە دەستپێدەکات، «چونکە هەوا دێت» بەرەو «ئاو» «ل٣٧ . ٣٨ . ٣٩» لەبەر ئەوەی لە قەسیدەکەدا «طاهر» هەوایە و «طهور»یش ئاوە.

هەروەها دوالیزمی نێوان «ئاگر/ئاو» کە دیسانەوە لەناو قەسیدەکەدا دەبینرێت، دەبوو باسکرایە.

دواجار بە کورتی دەڵێم: دەکرێ لەسەر ئەم سێ چەمکە «یۆتۆپیا/واقیع»، «هەوا/ئاو» و «ئاگر/ئاو» جارێکی دی سەرلەنوێ درێژە بە خوێندنەوەی قەسیدەکە بدرێت.

ئیتر سوپاس.

چ ژینێ سەختم، چ دڵ سەختی گوڵی من
کزەی دڵ وەک کزەی با، دێتە بەر گوێت

**هەژار**



www.arsivakurdi.org

# «نالی» له بەردەم پرۆژەی خوێندنەوەیەکی نوێ دا

بەختیار عەلی

*** یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی، ڕۆژی ١٩٩١/١٢/١ کۆڕێکی بۆ «ڕێبوار سیوەیلی» لە شاری سلێمانی، هۆڵی ئەدیبان، سازدا بە ناونیشانی «چەمکی میتۆلۆژیا و جیهانبینی شیعریی نالی. «بەختیار عەلی» ئەم تێبینییە گرنگانەی لەسەر ئەو باسە پێشکەشکرد، کە دواجار لەسەر کاسێتەوە، دەقی تێبینییەکان بەمجۆرەی ئێستا نووسراوەتەوە.**

لەبەر ئەوەی وەخت کەمە، بە خێرایی قسەکانم دەکەم. سەرەتا دەمەوێ لە مەنهەجی لێکۆڵینەوەکە «ڕێبوار»ەوە دەست پێبکەم لە ڕاستیدا ئەم لێکۆڵینەوەیە مەنهەجێکی «یۆنگی»یانەی هەڵبژاردووە. هەوڵدەدات لەناو نائاگایی بەکۆمەڵ «لاشعورالجمعي»دا بە دوای ئەو شتانەدا بگەڕێ کە نائاگایی ئینسانی کورد دەبەستێ بە سەرجەمی مرۆڤایەتییەوە.

لێرەوە، نووسەر بە دوای ڕەمزی «ماندلا» یا کە ڕەمزێکی یۆنگیانەیە، دەگەڕێت. هەوڵدەدات لە ڕێگەی ئەم ڕەمزەوە پەیوەندی نێوان نائاگایی مرۆڤی ئێمە، لەگەڵ نائاگایی سەرجەمی دونیادا گرێبداتەوە. واتە میللەتی ئێمە، وەکو بەشێک پاسیدەکرێ، کە نائاگاییە بە کۆمەڵیەکەی تەواوکەری هەمان نائاگایی ئینسانیەتە. پێم وابێت، ئەمە خاڵێکی ستراتیژی سەرجەمی لێکۆڵینەوەکەیە.

بێگومان دۆزینەوەی ئەم «ماندالا»یە، دۆزینەوەی ئەو بازنە سیحرییە کە بازنەی کەماڵە و لە هەموو میتۆلۆژیای ئینسانییەتدا بەرچاودەکەوێت. پێویستە ئەوەش بڵێم کە «کارل یۆنگ» خۆشی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی کتێبەکەی «جەیمز فرایزەر»ەوە، «الغصن الذهبی» ئەم چەمکەی وەرگرتووە.

بەڵام لە باسەکەی کاک ڕێبواردا، چەمکی «ماندالا»، بە دوو شێوە خۆی دەبینێتەوە:

یەکەم: کاتی باسکردنی ئەو ئەمووستیلەیەی کا واباوە، لەیەکەم بەردی بناغەی شاری سلێمانیدا دۆزراوەتەوە. بێگومان

هەر چالەزارێکی بزگەنیوی گا ئاسا
بوو بە بورکانی داگیرساوی تووڕەییەک:
بروانە ئەو فیتلە، ڕووناکبوونی خۆرەتاو
لە ئێمە بە بەڵگە دەخوازێ.»

٣. جەماوەر نە تەنیا بروا بە شاعیر ناکەن، بەڵکو گاڵتەشی پێدەکەن. بۆیە شاعیر لەوپەری دڵساردیدا دەڵێ:

«...
از تلخی تمامی دریاها
در اشک ناتوانی خود ساغری زدم.».

واتە:

لە فرمێسکی بێدەسەلاتی خۆم
-تاڵ وەکو تاڵاوی هەموو دەریاکان-
دەفرێکم هەڵدا.

بە پێچەوانەی ئەوەی کە وەرگێڕ بۆی چووە:

«...
لە تاڵاوی گشت دەریاکان
پیاڵەیەکم هەڵچۆڕاندە نێو فرمێسکی داماوی خۆم.».
-تا شکۆفەی......ل ٥١-

* وەرگێڕ لە پێوەندی دەگەڵ زمانەکەی خۆشیدا کە کوردی بێ، لە هێندێک شوێن کورتی هێناوە. هەڵبەت لەم پێوەندییەشدا چەند نموونە هەر تەنیا لەو سێ شیعرە دێنینەوە کە تا ئێستا بابەتی باسەکەمان بوون:

* «......
وێنەکەمم لە چوارچێوەی دەوری خۆیدا بەندکردووە
ناوی خۆمم لە شیعرم دا
پێیەکانم لە زنجیری ژنەکەم دا
داهاتوومم...».
-تا شکۆفەی....ل٣٧

کە دەبوو بەم چەشنە بێ:

وێنەکەم......
ناوی خۆم.....
پێیەکانم......
داهاتووم......

** «دەنگی بەستەی بلاوێنی خۆرەتاومان هەڵمژتوە.».
-تا شکۆفەی......ل٤٩

وابزانم ئێتر وەرگێڕیش باش دەزانێ کە دەنگ دەبیسترێ، هەڵنامژرێ.

شاملووش هەر لەسەر ئەم رایەیە:«......
با گوش جان شنیدیم
اواز روشنش را!».
-مرثیەهای خاک، ص.٣

*** «...کەی دیوتانە
کە چاوەشان
بانگی نوێژی بەیانی بدەن؟»
-تا شکۆفەی...، ل. ٥

بانگ دەبیسترێ، نابیندرێ. شاعیریش گوتوویە:

«...نماز را
از چاوشان نیامده بانگی.»
-مرثیەهای خاک،ص٣١

ئەمەش شیاوی باسەکە «چاوش»ی فارسی، دەگەڵ «چاوەش»ی کوردی جیاوازە. ئێمە بە گۆرانیبێژی داوەت و هەڵپەڕین دەڵێین «چاوەش»، بەڵام «چاوش»ی فارسی بەم مانایانەیە: راسپاردە، پێشقەڕاوڵ، دەمراست و......

**** «...بۆ مەنزەرەی کۆشکی ڕوونی سبەی ڕۆژتان چاوەدەگێڕن...»
-تا شکۆفەی....ل٣٨

کۆشک «ڕوون» نابێ، بەڵکو ڕووناک دەبێ. ئاو ڕوون دەبێ.


www.arsivakurdi.org

ئاکامی کارەکەی وەرگێڕەوە وەچنگکەوێ.

* شیعری یەکەم: تا شکۆفەی سووری گراسێک، ل٢٣ هەتا ل٣٦.

سەرچاوەی دەقی فارسی شیعرەکە، لحظەها و همیشە، احمد شاملو، انتشارات نیل، تهران ١٣٥٧.

١.شاملوو دەڵێ: «........
و قیراندود میشود رنگ
در نابینایی تابوت
و بی نفس میماند آهنگ
از هراس انفجار سکوت....»

واتە: قیراوی دەبێ رەنگ
لە کوێرایی تابووتا و
ئاهەنگ پشووی دەبڕێ
لە ترسی تەقینەوەی بێدەنگی،...».

وەرگێڕ دەنووسێ: «لە نابینایی تابووتا
هەموو شتێک رەنگی قیر دەگرێ،
وە گۆرانی پشووی دەبڕێ
لەبەر ترسی هەرەسهێنانی بێدەنگی....»

پێشتر گوتمان کە لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی شیعری **شاملوو**، ئەوەیە کە خوێنەر بە ئاسانی تێی ناگا، ناچارە زۆرتر بیری لێبکاتەوە و مێشکی بە شیعرەکەوە ماندوویکا. وەرگێڕ بە پێچەوانەوە ویستوویە میوەکە بۆ خوێنەر پاکبکات و تەنانەت بۆی بجوێ. ئەوەتا دەربڕینی شاعیرانەی "قیراندود میشود رنگ" «قیراوی دەبێ رەنگ» لە خوێنەری کورد بزردەکا و وەریدەگێڕێتەوە: "هەموو شتێک رەنگی قیر دەگرێ". کاتێ کە دەڕوانینە هێڵی سێ و چواریش، بۆمان دەردەکەوێ کە کۆسپی وەرگێڕ تەنیا لە تێنگەیشتن لە شاملوو دا نییە، بەڵکو کۆسپەکە زمانە. بۆیە وشەی **انفجار** بە **هەرەسهێنان** تەرجومە دەکاتەوە و بە زمانێکی دیکە دەڵێ: کە بێدەنگی نەما، گۆرانیش نامێنێ. کەچی وا نییە. یان بێدەنگی دەبێ، یان گۆرانی. «شاملوو»ش مەبەستی ئەوەیە و دەڵێ: بۆیە ئاهەنگ نەماوە، چونکە بێدەنگی وەدەنگهاتووە و تەنانەت تەقیوەتەوە، نەک هەرەسیهێناوە! بۆ ئاگاداری وەرگێڕیش **هەرەسهێنان** بە فارسی دەبێتە **فرسایش، ریزش** و....

٢. شاملوو دەڵێ: « تصویری بی شباهت
که اگر فراموش میکرد لبخندش را
...............
می شد من که سنگ‌های زندانم را بردوش
می کشم خاموش
و محبوس می کنم تلاش روحم را
در چار دیوار الفاظی که
می ترکد سکوتشان
در خلاء اهنگ‌ها
که می کاود بی نگاه چشمان
در کویر رنگ‌ها
می شد من
عینا.».

واتە: وێنەیەکی وێنە چوو
کە ئەگەر پێکەنینەکەی لە بیرچووبایەوە
...............
دەبوو بە من کە بەردی زیندانم دەکێشم بە کوڵ
بێدەنگ،
هەوڵی رۆحیشم بەندی دەکەم
**لە چواردیواری ئەو وشانەدا**
**کەبێدەنگیان دەتەقێ**
**لە بۆشایی ئاهەنگەکاندا،**
**کە بێ نیگای چاوەکانیان دەسمێ**
**لە تێودەشتی قاقڕی رەنگەکاندا...**
دەبوو بە من
بێ موو لێدان!

www.arsivakurdi.org

# (تا شکۆفەی سووری کراسێک) و هونەری وەرگێڕانی شیعر

جەعفەری شێخولیسلامی

**ڕۆبەرت فرۆست** * Robert Frost وەختی خۆی گوتی:«شیعر ئەوەیە کە لە وەرگێڕاندا بزردەبێ». بە واتایەکی دیکە گوتی: شیعر بۆ وەرگێران دەست نادا. ئێستاش زۆر کەس هەر لەسەر ئەو بڕوایەن. ئەمانە پێیان وایە کە تەنیا ڕێگای چێژوەرگرتن لە شیعری شاعیرێکی بێگانە، فێربوونی ئەو زمانەیە کە شاعیرەکە شیعری پێنووسیبووە.

ماڵم حەقە! ئەمانە لە لایەکەوە حەقدارن، بەڵام لە لایەکی ترەوە فێربوونی چەند زمانی بێگانە بۆ هەموو کەس دەست نادا؛ ئەوجار تەنیا فێربوونی زمانێکی بێگانەش هەروا ئاسان گرفتەکە چارەسەرناکا. ئەوەی گرنگە لەم پێوەندییەدا، فێربوونی زمانی ئەدەبی و شیعرییە. ئەمە ئیتر بە جارێک ئیحتیمالەکە دوورتردەکاتەوە. کەوابوو وەرگێڕانی شیعر و شوێنەوارەکانی تری نووسراوەی بێگانەکان لە کۆنەوە وەرگێڕدراون و وەردەگێڕدرێن، لە لایەن ئەو کەسانەوە کە هەم لە بابەت زانینی زمانی خۆیانەوە کە پێیدەنووسن و هەم لە بابەت زانینی زمانەکەی دیکەشەوە کە لێی وەردەگرن، متمانەی تەواویان بە خۆیان هەیە.

کاک **«ناصری حسامی»** هەر بەو نیازەوە کۆمەڵەیەک لە شیعرەکانی **«احمد شاملو»**ی وەرگێڕاوەتە سەر کوردی و لە نامیلکەیەکدا بە ناوی **«تا شکۆفەی سووری کراسێک»** بڵاویکردوونەتەوە.

**«ئەحمەد شاملوو»** بە بێشک ناسراوترین شاعیری هاچەرخی فارسە، چ لە نێو ئێران و چ لە دەرەوەی ئێران. پاشی **«نیمایووشیج»** کەمتر شاعیر و نووسەرێکی فارس هەبووە، کە تا ئەم ڕادەیە شوێنی کردبێتە سەر ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی هاوچەرخی فارسی، بەتایبەت لە بواری شیعری ئەمڕۆدا.

ئەدەبیاتی فارسی، شاعیر و نووسەری کەمی نەبووە لەوانە کە قەڵەمیان بانگی مرۆڤایەتیان هەڵبڕیوە، ئەوینی سووکایەتی پێکراویان لاواندۆتەوە و لە بێعەدالەتی و نابەرامبەری کۆمەڵایەتی لە هەڵایان داوە. «شاملوو»ش یەکێک لەوانەیە، بەڵام ئەوەی کە زۆرتر شاملووی گەیاندۆتە ئەم پلە بەندەی شیعری فارسی، شێوازی تایبەت بە خۆی ئەو شاعیرەیە، کە ئەمڕۆ بووەتە مەکتەبێک لە نێو شاعیرە گەنجەکانی فارسدا. زمانێکی گران «تێکەڵاوێک لە زمانی کۆن و ئەمڕۆی فارسی»، زاراوەگەلێکی کە لە ناخی فەرهەنگ و کەلەپووری فارسدا ڕەگی داکوتاوە و خەیاڵێکی پڕ پێچ و پەنا و لێوڕێژ لە ئایرنی، دوو تونی و چەند تونی، تانوپۆی بیری مرۆڤدۆستانە و ئازادیخوازانەی شیعرەکانی «شاملوو»ن. ئەو شێوازە تاقانەیەی شاعیر بەرهەمگەلێکی ئەوتۆی خوڵقاندووە کە لێتێگەیشتنیان تەنانەت بۆ فارسەکانیش گرانە.

ئێستا با بزانین کاک **«ناصر حسامی»** چەندە لە **«شاملوو»** تێگەیشتووە و لە ڕاگواستنی بیر و خەیاڵ و هەست و سۆزی شیعرەکانی ئەو کەڵە شاعیرەدا، بۆ زمانی کوردی چەندە سەرکەوتوو بووە.

هەڵبەت سەبارەت بەمە کە ئەم وتارە بۆ گۆڤار ئامادەدەکرێ، لەبەر زۆری ناتوانین دەست لەسەر هەموو خاڵەکانی شیاوی باسی «تا شکۆفەی سووری کراسێک» دابنێین. لەبەر ئەوە تەنیا سێ شیعری وەرگێڕاوی ئەو نامیلکەیە هەڵدەبژێرم و پێکەوە هەڵیاندەسەنگێنین. بەو هیوایە کە فکرەیەکی گشتیمان لەمەڕ

کەریمی دافیعی

## سکالا

جاری وایە، هێندە نزیکی:
بۆنی هەناسەت هەڵدەمژم
هەست بە شواری لەشت دەکەم
دڵی غەریبی کزچکردووم
بە یادی تۆ دەشنێتەوە
سار لە خۆشی من دەنۆشێ
شینی شیعرم دەپرێتەوە.
شادی وەکو شالووری مەست
لەسەر سەرم دەنیشێت و
بە دەورمدا دەخولێتەوە!

جاری واشە، هێندە دووری:
لە دووری تۆ دەبمە زریان!
دارەکانیش وەرسیی من هەڵناگرن.
بەردەکانیش
بۆ غەریبیم دێنە گریان!

## نیاز

شەوێک، وتت: ببە بە شەو!
لەو شەوەوە،
بوومە شەوی ئەنگوستەچاو!
تا تۆ جارێک وەکو قەدیم
بە فانۆسی نیگای گەرمت
درێک بدەی بە تاریکییم!

## مەحاڵ!!

شوێنی کەوتم،
وەکو نسێی.
بوومە خاک و خۆڵی بەر پێی!
داوێنم گرت
داوام لێکرد؛
بەڵکو جارێک
تەنیا جارێک، ئەگەر دەکرێ،
ڕێی مەڵبەندی عەشقم بگرێ!

کەچی وتی: ئەی بێ پەروا!
ئەی بێ پروا!
تۆ ڕووباری، منیش دەریا.
کێ دیویەتی تەنیا جارێ
دەریا بەرە و
ڕووبار بڕوا؟!!

## شۆڕەبی

دوو دڵداری هەناسەسوار
لە دەست بەدکار
پەنایان لردە بن دارێ.
دارە گەلاً و لق و پۆپی
شۆڕکردەوە.
دانەویەوە.
تا ئەو دوو دڵدارە وەشارێ!
بەمجۆرە بوو
کە شۆڕەبی لەدایکبوو!!

www.arsivakurdi.org

حەمە عەباس

## ناسین

هەموو شتێکم
ژیانێکی شێواو و
مردنێکی ڕێک و پێکم.
هەموو شتێکم.
کانییەکی لێخن و
زەلکاوێکی ئاوێنەیی و
پاڵەوانێکی سەردەم و
ناسنامەی ترسنۆکێکم؛
لە هەمووانیش گەورەتر؛
کوێرێکی چاو گورگانیم.

## ساتەکان

شەوەکان بە دوای یەکا دێن.
ساتەکان تکە تیزابن،
یەک یەک بەسەر ڕووخساری کزمدا دەتکێن
ساتی شیعر و
ساتی پەردە و
ساتی هەرەس
ئێستاش ئەو ساتەم لە بیرە
کە ناسنامەی کلۆڵیی خۆم درایە دەس
لە توێی وشە تۆخەکانیا بۆم دەرکەوت
من ئازاری ناو ئێسقانێکی شکاوم
ژیان گلۆڵەی تەلدڕی
چواردەوری گیانی برسیمە.
مردنیش دیوی دووەی ناسنامەی زیندەگییمە.

## نەفرەت

سیکاردێکی تیژم دەنێ
لەگەڵ ئەسپێکی شێ
پاشە و پاش سواری دەبم و
دەچم ئادەم دەخەسێنم
مەمکی حەوا لەشیش دەدەم
کە هاتمەوە
دەبم بە میوانی ڕۆما و
هەر لەوێ، لە ئاگردانەکەی دەیبرژێنم.

# ائوس

ەنجەم لە دەستم بێزارە.
دەستم لە جەستەم،
جەستەم لە پێم؛
پێم لە زەوی؛
زەوی لە دەریا؛
دەریا لە ئاسمان؛
ئاسمان لە ئەستێران؛
ئەستێران لە مانگ؛
مانگ لە درۆکان.
ئەم هارمۆنییە ئاوەژووە چییە!!
گەر کائوس نەبێ.
کائوس، کائوس، کائوس.

* کائوس: نیگەرانی، شپرزەیی رۆح.

# رووتکردنەوە

ووشەکان
خەڵکەکان
درەختەکان
یەک یەک رووتدەکەمەوە.
ئەم جارەیان، لەم گەشتەدا
یا لە تەنیاییا دەمرم،
یا حەقیقەت دەدۆزمەوە.
تاران ١٩٨٧

## مەوجود سامان

# شار

بۆ: کاناسی

من لە شارێک دەگەڕێم
پاک بێ وەکو پەڕەی گوڵ و
دڵی پەپوولەی کێوی.
لە رووبارێک دەگەڕێم،
ئاوی ساف بێ وەک فرمێسکی دایکم؛
لە رووبارێک، هەر جارەی کە تینووبووم؛
لێی پاڵکەوم؛ لێوم بخەمە سەر لێوی.
زنوە ١٩٨٦

شۆڕدەبێتە بنی بیرەوە.
هەر سەتڵێ هەڵدەکێشم، هەڵدەکێشرێ: قوڕاوی خوێنە! یاخود زووخاوە!!

فنجانێک ژەهر: یادەکانم. فنجانێک فرمێسک: ژین وتەمەنم.
ئاوێنەیەکی شکاو، چاوەڕوان، دەست لە ژێر چەنە، بۆ پیربوونم؟ یان مردنم؟!
پیربووم. پیــ..یــ..یــ..ر!!
هێندە پیربووم خەریکە جەو گاڵتەم پێدەکا.
سەر و ریشی یادەکانم سپی هەڵگەڕان.
کەسیش نازانێ. نە تۆ و نە ئاو و نە ئاوێنە.
دەمێکە منیان لە خۆیاندا و خۆیان لە مندا کوشتووە.
هەر هەموویان!
هەر هەمووتان!!

سەرمای تالی ١٩٩٢
Nortälje

* احمد شاملو.
** محمد علی سپانلو.

- ئەمەش هەواری ئەو حیزبانەیە کە بوون بە تەکیەی شاعیرەکان!
-خوایە چی بکەم؟ ... بەسە بنوو.
- وەرن! وەرن ئەو شاعیرانەی حیزب دروست دەکەن!
- دەتەوێ برۆم؟ بەسە بنوو.
- وەرن! وەرن ئەو حیزبانەی شاعیر دروست دەکەن!
- من رۆیشتم...
- ئێستا لاچن! خەڵکینە لاچن. لافاوە لافاو.
لافاوی پێڵاو. پێڵاوە لاستیکەکانی هەڵەبجە.
لافاوی گیتار. گیتارەکانی ئیسپانیا.
لافاوی دەست و پەراسووەکانی ئەفریقیا.
لافاوێ لەسەر سنگم رێ تەی دەکا و
هەموو شتێ وەپێش خۆ دەدا.
هەموو شتێ سەر ئاو کەوتوون. قورئان. کاپیتاڵ. ئاڤێستا.
کەللەسەری لەنین. کڵاوەکەی گیڤارا. سێبەری سارتەر. سمێڵەکانی ستالین.
دەستی هەڵێنراوی هێتلەر. ردێنی کاسترۆ. گیتارەکان. مەندیلەکان. پەراسووەکان.
پێڵاوەکان. کتێبە سوورەکان. زەردەکان. جەمەدانیەکان. پۆستەرەکان.

ئەمەش وێستگەی گریانی شەوانە.

شەو بوو.
شەوە. شەو لەگەڵ دەستەکانت دەبووە میوانی ژوورەکەم.
چۆلەکەی خەو لە هێلانەی چاوەکانتەوە هەڵدەفڕیە نێو بیبیلەی چاوەکانم.
بەڵام ویستبووم بڵێم و نەمگوتبوو.
ویستبووم بڵێم:
دەمێکە ئەم دەروونە بۆتە بیر و شیعر سەتڵە و بە گوریسی یادەکانت

قەت بینیوتە خوێن گڕی تێبەربێ؟
دیوتە بێشکە بگرێنێت و کاریتەی بان، مەمکی خستبێتە دەمیەوە!
ئاخ ... مەگەر من چەند ساڵە ساتە، پۆلیسی خەو گرتوومیەتی و هەموو شەوێ یادێکم دەدا لە سێدارە؟
من کەی خەوتم؟

کە من خەوتبووم، چەند لەش سەری خۆیان لە توونێلی باوەڕێکدا فەرامۆش کرد؟
چەند چاو نیگایان لێ زیز بوو؟
چەند ئاوێنە لە تەنیایدا شکان؟
تای گەرم رایدەکێشامە نێو توونێلی ورێنەکان و دەستی تۆ دەسماڵێکی تەڕبوو لەسەر تەوێڵم:
- بنوو ... «سەردەم هەر سەردەمە بۆگەنەکەی جارانە».
ئەمەش وێستگەی گریانی شەوەکانە. باران: نم نم. گریان: خوڕ خوڕ.
گریان حەبە:
- رۆژێ سێیان، بەر لە خوردان، دوای جگەرە.
لە وێستگەی گریانەکانا -با- سەر لە دووی سێبەری خۆی دەنێ.
-با- دەستێکە و پۆستەری دیوارەکان دەدڕێنێ.
لوليان دەدا و رەپێش خۆیانی دا.
دوای تۆش -با- هات. لە ژووری تەنیاییمدا. لە مێرگی پێخەفەکەمدا.
ددانەکانم دوو بەرداش بوون، دەستی تای گەرم دەیگەڕاندن.
سەرم مەیتخانەیەک بوو، هیچ سەرێ خەونەکانی خۆی تێدا نەدەناسیەوە.
- سمێڵی زل گەلێ کەسی کرد بە سیاسی!
- بنوو...
- سیاسەت سمێڵی گەلێ کەسی زل کرد!
- بنوو...
- ئەمەش چوار پایەی ئەو شاعیرانەیە کە بوون بە بڵیند گۆی حیزبەکان!
- بنوو ... تو خودا بنوو ...



www.arsivakurdi.org

وەک رەگەکانی درەختی ئەشکم.

هەموو چوونێک هاتنەوەیەکی بە دواوەیە. هەموو هاتنەوەیەکیش: چوونێکی تر.

کەچی ئەم داروبارەم قەت نەدیبوو.

بۆچ نەمدیبوو؟! مەگەر من چەند ساتە ساڵە

دەستی خەوێ دزیومەتی و بێداریی دایکە و لێم دەگەڕێ؟

– کوڕەکەمان، دیارنیە. نەهاتۆتە ئەم لایانە؟

ئەم خەونانەم قەت نەدیبوون.

– نە دادە گیان!

ئەم بەردانەم قەت نەدیبوو. ئەم بێ خۆرییە!

جاران هەر هیچ نەبا، لقێکی خۆر لەگەڵ دەستەکانت دەهات.

دادەنیشتین. هەناسەکانم: کەروێشکەی پرچت.

– با بڕۆین!

سێبەری باڵات، پێی لەسەری نسێم دەنا.

– لە کامێرای ئەم چاوانە دووربینەوە، دەستەکانتم دەدەیێ؟

پێدەکەنیت، منیش. دەگریم، تۆش.

– ئەلۆ...

تەلەفۆن کانی و گریانت قوڵپێ بوو: دەرژایە گۆزەی گوێیەکانم.

گوتبووم: تۆ وەک زۆر کەسیت.

وەرچەرخابوویت: کەس وەک تۆ نیە.

– ئەلۆ؟

هەر دەهاتم نەدەگەیشتم. هەر دەچووم و دوورنەدەکەوتم.

فڕینی بێ باڵ. ڕاکردنی بێ پێ. ژین بێ دڵداری.

لە نهۆمی حەوتەمەوە، بەربوونەوە و قەت نەگەیشتن بە زەوی.

– ئەوە کوڕەکەتان لە سەردابدا خەوتووە.

قەت لە قوڕاوی خوێندا هەنگاوت هەڵێناوە!

دەمگوت: دەچمەوە. دلّم بۆ بینینی کۆلیتی سەگەکەمان بۆتە کونی دەرزی.
دەچمەوە و بە دیواری مالّی جوانترین کچی گەڕەکا، کە هەموومان حەزمان لێبوو: هەلّدەمیزم.
با لێمبدەن. پشتم بیری مست و شەقی منالّەکانی گەڕەکیان کردوە.
ئەوسا رۆیشتم. پێم نەگوتبووی. دوور لە چاوەکانت سەفەرم کرد. لە ئاوێنەی خۆمدا.
دەستەکانم: هاودەمی هەمیشەیی ئەژنۆکانم.
پێیەکانم: لەسەر ئەرز رابوون. لە قوڕگمەوە، چوونە سەر رێگای هات و نەهاتی دەروونم.
دەروونیش سەندووقێکە لە باوڵەکەی نەنکمان دەچێ:
چەند بازنەی شکاو. کیسەیەک خەنە. خەناوکەیەکی داوەبەن قرتاو. چەند وێنەیەکی زەردهەلّگەڕاو:
وێنەکان پەنجەرە و کەسەکانی ناو وێنەکەش تەنیا سەر و سەرەکانیش سەرەتاتکێ بۆ دەرەوە.
ژنەکان: شەرمن.
منالّەکان: حەپەساو.
پیاوەکان: تووڕە.
جوتێ سۆلەی لاستیکی.
خەنجەرێکی سیاسی. تەسبیحێکی مێژوویی. جووتێ جەمەدانی.
یەکیان رەش و ئەوی تر سوور. کراسێکی خوێن پێوە وشک بوو.
بۆنی راپردوو.
پژمینی ئێستا!
ئەوسا هاتمەوە. لە ئاوێنەی تۆدا. نامۆیی کراسێکی دڕاو بوو: داو و دەرزی نیگاکانت پینەی دەکرد.
دوای چوونی تۆش، برینەکانم بوون بە کراس.
دانیشتبووم.
لە ئێوارەیەکی قەحبەدا، دادەنیشم.
لە تەشتی چاوەکانمدا، زامەکانم دەشۆمەوە. هەلّیان دەخەم.
لە هەیوانی شەوێکی سیاسی دا.
زامەکانم لەسەر رستەی ماسوولکەکانی -با- پیردەبن و وشک نابن!
وەک چاوانت.

# نۆستالگیا

**بەرۆژ ئاکرەیی**

من ماتی تۆم دەڵێن خەوی گرانە.
خ.ح «هێدی»

بۆ: ئەوانەی ونیان کردووین
ئەوانەی وڤان کردوون
بۆ ڕێزلێنان لە «ئاندرەی تارکۆفسکی».
بۆ: ئاریا...

«خۆشەویستی خوشکی مەرگە»* و دەستەکانت خوشکی دەستی هەستەکانن.
سپێدە بوو.
سپێدەیە! خۆر لەگەڵ دەستەکانت دەخزایە سیلەی چاوی دڵمەوە.
دانیشتبووم. دادەنیشم. رادەوەستای. ئاوێنە:بزەی نەرمت.
فنجانێ قاوە: لۆچەکانی نێوچەوانم. فنجانێ شیر:ددانەکانت.
نەرمەبایێ لە هەواری لێوەکانتەوە: سەمای گوڵی زامەکانم.
ژوورەکەم: مێرگی یادەکان: پەپوولەی شپرزاوی ماچەکانت.

تەنیا تۆ نیت.
تەنیا تۆ نەبوویت. دەستت دەرۆیشت: پەنجەرەدەکرایەوە.
هەمیشە و لە هەر شوێنێ پەنجەرەیەک هەیە، چاوەڕوانی کردنەوەی بێ و
لە چاوەڕوانی دا سەرووریشی سپی ببێ.

چ ڕەشەبایەکە دەستی تۆ!!
ئەی پەناگای هەموو نهێنییەکانی نێو دڵم.
ئەی بۆ کە ئەتبینم دەستیشم لەبەر پەیکەری جوانیتا
چۆکدائەدا و دەرگای دڵم ناکاتەوە. دەریای چ خەمێکی تۆ!! بۆ نامدەیتە بەر شەپۆلی
دەریا تووڕەکانی نێو دڵت و بەرەو کەنارە دوورەکان رامنامالی. خۆ من لەوێش،
هەر ئەم مرۆڤە عاشقەم.
تۆ ئەزانی مرۆڤ کە جارێ عاشق بوو، جارێکی تر عاشق نابێ. تۆ ئەزانی،
مرۆڤ لە ئاگری عەشقی خۆیا بۆ تەنیا جارێ گڕئەگرێ و جارێکی تر گڕناگرێ. ئەی بۆ لەوەتی
عاشقی سەری خۆم و چاوانی تۆم، دەستی دێوێک چاوەکانم کوێرئەکات و
سەماکانم لێتێکئەدات. نا!! گیانەکەم کێ ئەڵێ رۆژێ دەستی عەشقە کپبووەکەی خۆم،
نانێمە نێو دەستی ئەم خەڵکەوە و بۆ دوایین جار لەسەرسنگت هەڵناپەڕم.
نا!! گیانەکەم من هەرگیز لە کوێربوون نەترساوم و ناترسێم
کێ ئەڵێ مرۆڤ تەنیا بە چاو سەیری جوانییەکان دەکا!!

کزەبای خەم، بەرەو دەریای یادەکانت هەڵئەگرێ و تۆش بە تەنیا
پاڵکەوتوویت و ئەڕوانیتە ئاسۆی بەرین. ئەڕوانیتە نیهێنییەکانی ئەم گەردوونە و
ئەتەوێ رێ لە مردن بگری!! تۆ بەتەنیا چۆن سەر ئەکەی بەناو گێژەنی مردنا و
دەستت ناگاتە دەستی من!! تۆ بە تەنیا چۆن سەما بۆ مردن ئەکەیت و ماندوونابی!!
تۆ بە تەنیا چۆن ئەتوانی بیرەوەریەکی تر بۆ ئەم دڵە پەستەی من و بۆ ئازارەکانی ئەم خەڵکە
بنووسیەوە!! خۆ تۆ هێشتا نەبوویتەتە چرۆی خەونە سەوزەکانی ئەم سەدەیە.
وەرە دەستت بنێرە دەستمەوە. تۆ ئەزانی، کە دوو ئازاری دەروونی یەکئەگرن و
لە باوەشی یەکتریا ئەتوێنەوە. چیان لێدێ و چۆن گڕئەگرن!!

١٩٧٩/٨/٢٥ - ١٩٩١/٢/١٠

ده بۆ ساتێ، سەرم بخەرە کۆشتەوە، با بە هەموو توانامەوە
فرمێسکی چاوە کاڵەکانت بخۆمەوە و تێر تێر بنووم.
کێ ئەڵێ من بە فرمێسکی چاوەکانت گەورەنابم!!
گەورەنەبووم!!

بێدەنگیت بۆتە پاچێکی تووڕە و لە بری خاک سەری من هەڵئەداتەوە و
لەگەڵ دەربەڕینی هەر تۆپەڵە خوێنێکی سەرما، زیاتر پێ لە زەمینەی خۆڕاگرتنم گیر ئەکەم.
بڵێی نەتەوێ تەرمی کۆمەڵێ ئازاری ئەم خەڵکە، لە ناو سەرما بنێژیت و
جێمبهێڵی!؟
تاکو هێندە بە ناو خۆما شۆڕببمەوە،
لق و پۆی ئازار دەرکەم و ببمە کۆرپەی خەمەکانت. تۆ نیت!! دەرگای دڵە پەست و
غەمبارەکەت، لە بوونتەوە بۆ خەم و ئازاری خەڵکی کردۆتەوە و لە هیچ لافاوێکی کوشندە تووڕەنابی.
تۆ نیت!! ئەزانی چۆن لافاو لە دڵتا ماڵی کەی. ئەی پاسەوانی شەوانەی ئەم دوورگەیە،
ئەی ئەوەی لە نێوان مردن و نەمریدا، سەرت تەنیا ئاگرێکە و باوەش بە دەروونما دەکا.
هێندە ماڵیم بە چەپۆکی پاچەکانت، نەک هەر سەرم، بەڵکو تەنانەت ئەو دڵەش
کە جێگای نووستنی شەوانەی ئافرەتێکە، لە ساتێکا چەندەها جار بەناو خاکی مردنا
ئەڕوات و ئەنجام دێتەوە بۆ لای خۆم. کێ ئەڵێ من دڵی خۆمم بەندکردووە،
بابێ لەگەڵ هاوڕێکانما، بابێ لەگەڵ دەستی تۆدا،
شەوێ لە ڕەشماڵی دڵما بەسەربەرێ.

کە منداڵبووین لە وڵاتێکی ئازیزا گەورەدەبووین، تۆ ناوت لێنابوو وڵاتی
دڵی زیندووە مردووەکان. کە منداڵبووین، پڕ بە دڵمان باوەشمان بە خاکا دەکرد،
درەختەکانی ئازارمان ئەکردە کۆڵ، بە دوای تیشکی مانگە شەوی هاوینانا ڕاماندەکرد.
تا پێکەوە، ئەبووینە پەپوولەی شەو و بە ئەسپایی لە سووتانێکی مەزندا ئەتواینەوە.
ئێستاش لەم سووتانەدا ئەشێ، لەگەڵ خۆرا تیشکێکی تر فڕێدەینە سەر ئەم خاکە و
بە پێی پەتی بە هەموو لایەکا ڕاکەین. ئێستاش ئەشێ، جارێکی دی،

# ئەوسا،
# ئەوین شیرین بوو وەک نیگای مەستی چاوەکانت.
# تاڵ بوو، وەکو دوورکەوتنەوەت.

**خەبات عارف**

که سەیری ئاینەی کرد و له پاشان ئەم کەلامەی دی
وتی: من هەم به بێ تیمثال و ئەم شیعرانه بێ ئەمثال
مەحوی

کزەبای خەم، بەرەو دەریای یادەکانت هەڵمئەگرێ و گوێ لە نمەی بارانی
هەوری سپی و تریەی گەڵارێزانی ئەم پایزە زەردە ئەگرم. سەرم ئەنیم بە سنگی
شینی ئاسمانی ئەوینەوە و بە لێوەکانم گۆنای ئەستێرە ماچدەکەم. بێدەنگ کە دێم،
کە دەست ئەکەم بە ناو دنیای زوڵفی شەوتا و بۆ ئەستێرەیەک دەگەڕێم، لێم هەڵدێنیت و
بەرەو ئاسمانێ باڵئەگری، گۆڕستانی خەونەکانمە. بۆ لێم هەڵدێنی!! کێ ئەڵێ ئەستێرەکانی
زوڵفی تۆ لەو ئەستێرانە جوانترنین، کە لە ئاسمانی ئەم پایزەدا ئەیانبینم. کێ ئەڵێ زوڵفی
شەوی تۆ، لە شەوی ئەم پایزە رەشتتر نییە. ئەی بۆ ساتێ ئارام ناگری و
زوڵفت نانێیتە دەستمەوە. خۆ غەریب نیم بەو دنیایەی تۆ باڵت تیا کردۆتەوە.

تەمی شینی یادەکانت، بەرەو دەریای ماتەمینی هەڵمئەگرێ و سەر
بە هەموو کۆڵانێکی تاریکی، ناو دەروونی خۆما ئەکەم. تەنیا هەر تۆی بوویتەتە
ئەو مۆمە رووناکەی، نە بۆ ساتێ ئەکوژێیتەوە و نە بۆ ساتێ رەشەبا یارییت پێئەکا. تەنیا
هەرتۆی ماچی سنگ و دڵم ئەکەی. تەنیا هەر تۆی لەم پایزی ماتەمەدا، وەک چەپکێ خوێن
لەناو دڵما مەڵاس بوویت و لەگەڵ نمەی هەموو بارانێکی سەوزا ئەتخۆمەوە. چونکە ئەشێ،



www.arsivakurdi.org

زیدەی مەتاعی حکمەتە، ئەم شیعری کوردی‌یە
هەرزانە بێ موبالەغە، حەرفی بە گەوهەرێ
جامەی حەیاتی عاریەت، کورتە زینهار
ئالودە دامانی مەکە، بۆ پێچی مێزەرێ

شێخ رەزا

هەڵئەگەڕان و چۆرچۆر شۆڕئەبوونەوە ناو گەرووی سارد و سڕی ئەو تارماییانەی میوانداری ئەم نامەیەیان کرد.

- بەخێرهاتن!

چەترەکانی ژێر ئاسمانی سکپڕی ئاگر و قین، چاوەڕوانی هاتنی هەور و تریشقەی شۆڕەسوارێک بوون، هەتا وەک قارچک و دومەڵان مل هەڵدەن و بکرێنەوە.

سەری کەژەکەی ئەوبەرەوە بە تەمێکی ڕەشی ڕەنگتاڵ گەمارۆدرابوو. لە شاریشەوە مووچەخۆرێکی دایەرەی «الانواء الجوي»، ئەوەی بەدزییەوە ڕاگەیاندبوو، کە گوایە لە دوو سێ ڕۆژی داهاتوودا شەستە و ڕەهێڵەی تۆفانێکی گران، هەموو شتێک ڕائەماڵێت.

پیاڵە چایەک وەک بۆمبایەک بەربۆوە ناو ئاگردانەکە و لە لوتکە و قەدپاڵی کێوی پشکۆکانەوە چرەدووکەڵێکی تەمەن کورت بەسەر ئەژنۆ و سنگە شۆڕبووەکانی بەر لووتی بازنەکەدا هەڵئەگەڕان و لە پڕ کەللەسەرێک چەقییە پەرەپڕی ئاگردانەکە.

هەر لە گەیشتنی نامەکەوە، فەرمانی ئەوە درابوو ئاگرخۆش و چایی دەینەبکرێت، بەڵام بە داخەوە هەموو شتێک چووە دۆخی جارانی.

لەو کاتەدا پزیشک نەبوو... تەنیا ئەبوو ئەو گیانە لە سنووری هەناسەهەڵکێشانی هاورێکانی دەربچوایە بکشێتە ناو جەرگەی گڕەکانی خۆرەوە.

لاشەی لە خەودا سڕسڕبووبوو، بەڵام هێشتا چاوەکانی زیتەیان ئەهات و ڕێگاکانی نامەکە درێژ و درێژتر ئەبوونەوە و لەوەدا بوون بگەنە سەرە دێڕی ڕۆخێکی تری بێکۆتایی.

- بڕوام پێئەکات؟

دیسان پرسیارێک وەک جنۆکە خۆی هەڵقورتانە ناو ژیانی ئەم و ئەوانەی سەرە قەڵەمێکیان لەو نامەیەدا هەیە.

لە سەفەری ئەو ڕێ دوورەدا، تەنیا ئەوەی هاتەوەبیر کە چۆن لەش و لاری جوانێک لە پێشەوە بەکێشی ئەکرد...ئەمیش لە تەکاندانابوو هەروەکو هێزێک پاڵپێوەبنێت بۆ پێگەیشتنی.

- سەرگوڵ!

لەپڕ چاوە زیتەکانی وەک دەروازەیەکی کارەبایی بەندیخانە داخران و لە پشتییەوە لەشێک هاتە لەرزین. سەری پەنجەکانی کە هێشتا گەرمایی ناو نامەکەی پێوەمابوو، کەوتنە سڕینەوەی ئارەقێکی ساردوسڕی ناوچەوانی.

بە پێچەوانەی هەواڵەکەی جەنابی مووچەخۆری «الانواء الجوي»یەوە، هەر ئەو شەوە شەست و ڕەهێڵە دەستیپێکردبوو. هەموو شتێک لافاوێکی خنکێنەر بوو. خەونەکان پەلەقاژێی هەڵفڕینیان بوو. ئاگردانەکە وەک چاوێکی کوژاوەی ژێرەوەی گێژاوی تووڕەیی سروشتی لێهاتبوو. دێراوەکانی نامەکەیش لە تلیسانەوە و ڕەنگچوونەوەدابوون.

لێفەکەی لەسەر خۆی لادا و بێ ئەوەی جارێکیتر چرا کوژاوەکە هەڵکاتەوە، خۆی گۆڕی. پێش دەرگاکردنەوە لە ڕەهێڵەی ئەو شەوە و هەستکردن بە جووڵە و ڕەوتی ژاکاوی نامەکەی ناو مشتی، دەستێکی نەرمونیان ڕایکێشا.

- وەرە!

تازە خۆر هەڵهاتبوو، جریوەجریوی چۆلەکاکان، هەورە ڕەش و تاڵەکانیان ڕاوئەنا و خۆرە تاوێکی گەرموگوڕیان ئەتاخنیە ناو باخەڵی نامە هەڵگرتووی ئەو دڵدارەوە کە هەتا ئێستاش لە ڕۆیشتندایە بۆ سوراخی ئەو گوڵاڵەیەی سووتا.

نەء! بۆ سۆراخی ئەو ڕێیەی نامەیەکی تری پێئەگەیێنێت.

١٩٨٧

www.arsivakurdi.org

# سوراخ

نووسینی: جەلالی میرزا کەریم

تازە لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەی گەڕابۆوە، کە پێی سپێبردرابوو. ئێوارەیەکی خەمناک و زەرد، خوری شەقاوەکانی بەرەو دامێنی دەنگدانەوەی سێبەری ئەو گوندە ئەبرد کە دەمێک بوو، قسەکردنی تێدا قەدەغەکرابوو.

شەقامەکانی دووا بەرنامەی «خامۆشی شەوان» لە خۆکشانی ناو خەونێکی ئێجگار قورس و گراندا بوون. کەچی دەزوولە دووکەڵێک لە سینەیەکی پڕ حەسرەتەوە دەلاقەیان ئەخستە دیواری بێدەنگییەوە.

-هەر بێدارم.

پەنجە لەرزۆکەکانی کەوتنە هەڵپچڕینی پڕ گوماناوی نامەکە. لەگەڵ چاوگێڕاندا بە شاڕێی دێڕەکاندا، چراکەی ژوور سەری بە هەناسەبڕکێیەکی ماندووەوە بەرە بەرە کزئەبوو، هەتا لە ناکاوێکا خنکا، بەڵام دێڕەکان لەسەر رووی گلێنەی مێشکیدا ئەبوونە دێراوێکی گەش و تەوێڵی تاریکی پەڕەکەیان بەجێدەهێشت و تنۆک‌تنۆک ئەڕژانە ناو لەپی دەستییەوە.

هەرچۆنێک بێت ئەمجارەش خۆیان لە بازنەی بەر ئاگردانی ناو سەرما و سۆڵەی زستانێکدا بینییەوە کە هەڵم و هالاوی سووتانی دڵدارەکان گڕیان پێگرتبوو.

– لەکەیەوە... تۆش پشکۆیەکی ناو ئەو ئاگردانەیت؟

لەو نامە کورتەدا؛ رۆمانێک لە شێوەی پەرێزادەیەکدا خۆی نیشان ئەدا، کە هێشتا پەپوولەی مژدەی سەر لێوەکانی شیلەی ماچی گۆنای سبەینێیان ئەمژی.

چزەیەک بە لەپی دەستیدا هات و لەچاوترووکانێکدا یادگارە تەمەن درێژەکان لە وەڵامی هەرزەکارێکدا خۆیان گەیاندە بەر دەرگای زار هەڵهێنانەوە:

– لەو کاتەوە... پرچی هۆنراوەی رازەکانییان راپسکاندم! پیاڵە چاکان زۆر لەسەرخۆ بەسەر سنگی رەقەڵاتوودا

حەمەدەمینی ماڵوێران زەحمەت و کوێرەوەری ساڵی بەفیڕۆچوو. ماڵ و منداڵی برسی و مافنگی مانەوە. میرزاعەلی چۆوە بۆکان و لە کۆمەڵەی «ژ.ک»دا، دەستیکرد بە تێکۆشان و نووسین و بڵاوکردنەوەی زمانی کوردی. ئاغای سەرکەوتیش لە مەعمورایەتی دوخانیەوە، چونکە سابڵاخی بوو، شەرەفی ئەفسەری لە هێزی بەرگری کۆماری کوردستان پێبەخشرا. ئیتر نە پرژا سەر ئەوە کە لە تووتن و لە سەید خەمەدەمین بپرسێتەوە. هەر نەدەکرا لەگەڵ میرزا عەلی باسیشی بکا.

دوای تێکچوونی حکومەتی ساوای کورد، میرزا عەلی وێڕای چەند کەسی تر لە کاربەدەستانی کۆماری کوردستان و حیزبی دیموکرات تووشی ئاوارەیی و دەربەدەری هات. پاش راونانی پۆلیسی نوری سەعید و بەندیخانەی بەغدا، حکومەتی نوری سەعید قزڵپێچی کرد و دایەوە بە ژاندارمەی ئێران لە قەسری شیرین. ژاندارمەش گرتی و بەرەو تاران دە ماشێنی ئاخنی. بە هەڵکەوت لە کرماشان تووشی شێخ موعتەسەی حسامی دەبێت و بە بەرتیل نەجاتی دەدا. لەگەڵ خۆی دەیباتەوە گوندی و پاش چەند رۆژ پیاوێکی خۆی رەگەڵ دەخا وتا دەیگەیێنێتەوە شارەزوور. پاشان دێتەوە سولەیمانی و لە گوندی تەیناڵ دەگیرسێتەوە.

تەواوی ئەو بەسەرهاتانەی لە چەند چرتە و چاونووقانێکدا هاتەوە خەیاڵ و وەک پەردەی سینەما بە پێش چاویدا دەهاتن و سەیدی سواریان لەبەر چاو بزردەکرد. چاوی رەشکەوپێشکەیان دەکرد، سەری دەگێژەوەهات و دەهات وەعەرزێ بکەوێ. چاوی هەڵێنا و بە نیگایەکی پڕ لە قین و نەفرەت و بێزاری لە خۆی و لەم خەڵکە پوڵپەرست و بێوێژدانە و لە کەین و بەینی زەمانە، سەیرێکی سەیدی کرد و گووتی:

– دەی، کاک سەیدا جا ئێستا هەر لەبەر ئەوە ئەم زەحمەتەت کێشاوە و ئەم رێگا دوورەت داوەتە بەرخۆ، تا قەبزی ئاغای سەرکەوت نوێکەمەوە، تا مروری زەمانی بەسەردا نەیە؟

بفێکی لە عەرزی کرد و هەی بتہێنم بە گۆڕی بابی قەبز و پوڵ و مروری زەماندا. پێمەرەکەی هاویشتە سەرشان و بە هەنگاوێکی شل.

مروری زەمان... مروری زەمان... مروری زەمان!!

*بە باوەڕی من لە هەر شوێنێکی دنیادا، گوڵێک بکوژرێت، شاعیرەکان مەسئولن لەو پرۆسێسی کوشتنە. شاعیر بەشێکە لەوەی کە نەهێڵێ، ئەو رووداوە نائینسانییانە رووبدات، ئەگینا بە شێوەیەک لە شێوەکان هاریکارە تیایاندا.*

**شێرکۆ بێکەس**



www.arsivakurdi.org

[illegible]

www.arsivakurdi.org

تاریکەکانی ئەشکەوتەکان، ئیمانی ئەویان زۆرتر بە هێزی جادوویی هونەرەکەی نزیک دەکرد. چونکە بۆ ماوەیەک لە دنیای رۆشنی راستەقینە، بە دوور دەماوە و، لە تاریکی ئەشکەوتەکاندا، بەرانبەر بەو شتەی کە بڕوای پێ بوو، زۆرتر ئیمانی دەهێنا.

رەنگە لەبەر ئەم هۆیە بوویێ ئینسانی سەرەتا، ئیمانی بەوە هێنا، کە هەرچی ئەم نیگارانە لە بەشە نەدیوەکانی ئەشکەوتەکاندا بکێشرێن، کاریگەریی جادووییان زۆرتر دەبێ. بە تایبەت نیگارکێشان لەو بەشانەدا یەکجار سەختتر و پڕ زەحمەتتر بووە لە بەشەکانیتر. کە هەر ئەمە خۆی دەبوو بە هۆ، زۆرتر لە سەر باوەڕەکەی سوور بێ. یەکێ لە هۆکانیتر، کە نیشان دەدا ئەم ئینسانە بە هیچ جۆرێ لایەنی رازێنراوی ئەو کارەی کە دەیکرد، لە پێش‌چاو نەدەگرت ئەمەیە:

ئەو لە زۆر شوێندا نیگارەکانی بە سەر یەکدا دەکێشا. بۆ نموونە، ئەمڕۆ لە قوژبنێکدا، گایەکی دەکێشا و چەند رۆژیتر بەسەر هەمان نەخشەوە، نیگاری کەڵێکی دەکێشاوە، وەکوو بڵێی شوێنی پێشوو، هیچ نەخشێکی پێوە نەبووە.

باشە، ئەگەر مەبەستی رازاندنەوەی ئەشکەوتەکەی بوو، نەدەبوو ئەم کارەی کردبا، چوونکە بە قەدەر خۆی جێگای هەبوو. بەلاّم هەر بەو چەشنەی کە گوتم، ئەو هێشتا بۆ چێژوەرگرتن، لە هونەر کەڵکی وەرنەدەگرت و کاتێکیش نیگارەکانی تەواو دەکرد، چیتر بە کردەوە، کارێکی بە سەریەوە نەبوو، بۆ ئەوەی ئەو نیگارکێشییانە بە بڕوای وی، کاریگەریی جادوویی خۆیان لە دەست دابوو و ئیتر بە کار نەدەهاتن.

### ٦- شێوەی نیگارکێشییەکانی ئەشکەوت

ناچار پرسی دوایینت ئەمە دەبێ کە ئەم نیگارانە بە چ شێوەیەک کێشراون، واتە لە سەر چ شێوازێکن؟ لەوانەیە گەلێک نێوی "دەرەکی"ت کە پێشاندەری شێوازی جۆر بە جۆری هونەرین، بیستبێ. دەزانی کە ئەم وشانە لەبەر هۆی تایبەت بۆ ئەم شێوەگەلە هەڵبژێردراون. زۆربەی ئەم وشانەش لە لایەن هونەرناسانی ئێرانییەوە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی فارسی کە بڕێکیان بە تەواوی پڕ بەپێستن و بڕێکیان نە. لەبەر ئەمە لە ئێرانیشدا ئەم وشانە زۆرتر هەر بە شێوە دەرەکییەکەی بە کار دەبرێن. جا لەبەر ئەمە لە بڕێ شوێندا ناچارم جار جارە، کەڵکیان لێ وەرگرم. ئەگەر بە وردی بڕوانینە ئەو نیگارانەی کە بۆم کۆپی کردووی، تێ‌دەگەی کە ئەم نەخشانە زۆر دەچنەوە سەر بنەچەکەی خۆیان. ئەو "مامووت" و "ئەسپ"ەی کە کێشراون، زۆر لەو گیانلەبەرانەی دەکەن کە لە سروشتدا هەن. "نەخش"ەکانی ٤ و ٥. دیارە دەبێ ئاگادار بی کە ئەو نیگارانەی بۆم کۆپی کردووی، تەنیا، سیمایەکی سادەن لە بنجی نیگارکێشییەکە خۆی، دەنا نیگارەکان لە بنەڕەتدا «رەنگیی»ن و بەو «سێبەرە رۆشن»ە جوانانەوەیە، کە شێوەیان دەچێتەوە سەر بنەچەی گیانلەبەرەکە. هونەرمەندی ئەو سەردەمە رەنگی پێویستی لە قوڕەسوورە و قوڕەزەرد دروست دەکرد. واتە کەرت کەرتی ئەم قوڕەوشکەیان هێندە دەکوتا و دەپڕواند، هەتا دەبوو بە تۆز. بڕێ جار ئەم خۆڵە وردەیان لە کونی زەل و قامیشەوە، دەپژاند بەسەر نیگارەکەدا. یان لەوانەیە، لەگەڵ بەز و چەوریی گیانلەبەرانیان تێکەڵ دەکرد و ماکێکی رەنگاورەنگیان لێ دروست دەکرد. وادیارە شاگوستیلەی رەنگەکەی ئیسقانێکی پان و قەڵەمەمووەکەشی پارچە چێوێک بووبێت و مووی زبری گیانلەبەران.



نەخشی ژمارە «٤»
ئەسپ نیگارکێشیی ئەشکەوت



www.arsivakurdi.org

## ١: (ڕەوەگەل) ی ئینسانیی

هەر چەند چاخی بەردی کۆن، واتە ئەو سەردەمەی کە ئینسان لە بەردی نەتاشراو و نەپلیان، وەک ئامرازی کار، کەڵکی وەردەگرت، لە تەواوی کۆمەڵگا سەرەتاییە ناسراوەکاندا، دەستپێک و کۆتاییەکی هاوکاتی نییە، بەڵام کۆمەڵگاناسان مەودای ئەم سەردەمەیان بە گۆترمە، شەست و حەوت هەزار ساڵ، هەتا دەهەزار ساڵی پێش داناوە.

ئینسانەکانی سەرەتا، لەم سەردەمەدا، لە گەڵ مەیموونان، واتە باوکانیان، هێشتا مەودایەکی وایان نەبووە. بەڵام سەرەرای ئەمە، جیاوازییەکی زەق لە گۆڕێندا هەبووە. لە بەرەوەی دەست و لاقی مەیموونەکان، تۆفیریکی زۆریان پێکەوە نییە و، مەیموونێک هەر بەو چەشنەی کە بە دەستەکانی دەتوانێ خۆی بە لقی دارێکەوە داڵۆسکە بکا، بە لاقەکانیشی هەرئەم کارەی پێدەکرێ. بەڵام ئینسانی سەرەتا، چونکە گەشەسەندووتر بوو، ئەندامەکانی لەشی کارگەلێکی تایبەتی‌تریان ئەنجام دەدا. واتە لاقەکانی بۆ ڕۆیشتن و هەڵاتن جێ کەوتبوون و، دەستەکانیشی بۆ گرتن. گۆڕانی شکڵی دەست، جیاوازیی ئەنگوستی گەورە لە ئەنگوستەکانی دیکە، بەو جۆرەی کە لە گەڵ ئەنگوستەکانی تر بێتەوە، یەکێ لە خاڵەکانی وەرچەرخانی گەشەی ئینسانە. ئەم جیاوازییەم وەک نموونە بۆ شی کردیەوە، دەنا شتی وا زۆرن.

بە هەر حاڵ ئینسانەکانی ئەو سەردەمە، هێشتا هەر بە شێوەی (ڕەوە) دەژیان و کۆمەڵگاناسان نێویان نابوون: (ڕەوەگەل)ی ئینسانیی. ئەوانە جێگایەکی سەقامگرتوویان نەبوو. لە ئەشکەوتاندا دەژیان و هەر شەو لە (مەڕ)ێک دەمانەوە، لە بەر ئەوەی پێویستی نەدەکرد جێگایەکی سەقامگرتوویان هەبێ. (ژەمەن)یشیان لە ڕێگای کۆکردنەوەی کۆلک و میوەی دار و دەوەن و ڕاوی گیانلەبەرانەوە بوو. هەر لە بەر ئەمە، ئەم چاخەیان لە ڕوانگەی ئابوورییەوە نێو ناوە، چاخی (کۆکردنەوەی ژەمەن). واتە ئینسانەکانی ئەو سەردەمە خواردنی خۆیان وە بەرهەم نەدەهێنا، بەڵکوو لەسرووشتدا وە دەستیان دەخست. کە دەبوو بە بەیانی و هەتاو هەڵدەهات، تێلاڵ و مێکوتەکانیان هەڵدەگرت و وەرێ دەکەوتن. دەگەڕان بە شوێن میوەی دارەکاندا و شوێنی گیانلەبەرە بچووکەکانیان هەڵدەکرد. لە هەر شوێنێکیشدا کە شەو دادەهات داڵدەیەکیان دەدیتەوە و تێیدا دەخەوتن. هەر چێکیان دەدۆزیەوە پێکەوە دەیانخوارد و (هی من و هی تۆ) یەک لە گۆڕێندا نەبوو. ژیانیان بە واتای ڕاستەقینە، ژیانێکی بە کۆمەڵ بوو. ئەگەر شتێکیان دیتباوە، هی هەمووان بوو ئەگینا، گشتیان برسیەتییان دەکێشا. ئینسانی ئەو سەردەمە، لەوانەیە لە ڕێگای هەورەتریشقە و ئاورگرتنی لێڕەوارەکانەوە، ئاگریان دۆزیبتیەوە و بەهرەیان لێ وەرگرتبێ. دۆزینەوەی ئاگر و ئاگرپێکردن، یەکێ لە مەسەلە گرینگەکانە لە گەشەی ئینساندا. دواتر لە (فەرهەنگ یان قامووسی خەڵک)دا دۆزینەوەی ئاگر، وەک گەلێک لە مەسەلە ڕاسەڵەکانی‌تر، بوو بە چیرۆک و بەسراوە بە خودایانی چیای "ئۆلەمپ"ەوە. ئەم چیرۆکە لە سەدەی پێنجەمی بەر لە زایین، بوو بە هەوێن بۆ هونەرمەندێکی گەورە بە نێوی "ئاشیل" یان "ئافیلووس"، کە شانۆنامە بە نێو بانگەکەی (پرۆمتە لە زنجیردا)ی نووسی. لەم شانۆنامەیەدا، پرۆمتە کسێکە کە بە بێ ئیجازەی "زئووس" خودای خودایان، ئاگر دەدزێ و بە ئینسانەکانی فێر دەکا کە کەڵکی لێ وەربگرن. زئووس لەم کارە تووڕە دەبێ و پرۆمتە لە شاخێکدا زیندانی دەکا و هەڵۆیەکی دەنێرێتە سەر، تا هەموو ڕۆژێ بە دەندووک، جەرگی هەڵبدڕێ. هەڵۆ ئەم کارە دەکا و، هەموو شەوێک لە سەر ویستی زئووس، پرۆمتە دیسان دەبێتەوە بە خاوەنی جەرگ و، دیسان هەڵۆ هەڵیدەدڕێتەوە. ئەگەر ڕۆژێک لە مەڕ هونەری یۆنانی کەونارا، شتێکت بۆ بنووسم، تێر و تەسەل باسی ئەمەشت بۆ دەکەم.





www.arsivakurdi.org

# هونەری ئینسانەکانی سەرەتا

## نووسینی: رضا علامە زادە

## وەرگێڕانی: ناسری ڕەزازی

*ئەم وەرگێڕاوە، نامەیەکە لە کتێبی «هونەری ئینسانەکانی سەرەتا»، کە لە بنەڕەتا، بە زمانی فارسی و لە زیندان، نووسەری ...ارس، (رضا علامە زادە)، نووسیویە. نووسەر ئەم نووسینانەی بە شێوەی نامە و برە برە، ناردۆتە دەرێ بۆ کوڕەکەی و پاش ...ەوەی کە لە زیندان بەر بووە، لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە، ئیجازەی دراوە کە چاپی بکا. چاپی یەکەمی بە نێو (هونەری ...ینسانەکانی سەرەتا) و چاپی دووهەمیشی بە نێو «ناسینی هونەر لە باری کۆمەڵایەتییەوە» بڵاو کردۆتەوە. منیش پاش دوو جار ...خوێندنەوە، هاتمە سەر ئەو رایە کە بیکەمە کوردی و نامە بە نامە، لەم گۆڤارەدا بڵاوی بکەمەوە، بەو هیوایە دەرووبەک بێت بۆ ...رواوالاکردن و ناساندنی بە خوێنەرانی کورد.*

بەشی دووهەم :

**هونەری ئەچیرەوانان (راوکەران)**

ئێستا، کە بە کورتی ئاماژەم بە سەرهەڵدانی ئینسان لە سەر ...رووی زەوین کرد، ئەوجا دەتوانم لەمەڕ هونەری ئەم ئینسانی (سەرەتا)یەش، تێر و تەسەل باخێوم.

لێت ئاشکرایە کە کۆمەڵگاناسان، سەردەمی ژیانی ئینسانیان ...بە چەند چاخی دیاریکراو، دابەشیوە. ئەم دابەشینە لە راستیدا، ...یە سەر بناغەی کەڵکوەرگرتنی ئەو ئینسانانەوەیە لە ئامرازی کارەکانیان. بۆ نموونە سەردەمی ژیانی ئینسانەکانی سەرەتایان، بە (چاخی بەرد) نێودێر کردووە؛ کە دیارە خۆی، بە سێ چاخی "بەردی کۆن"، "بەردی ناوەند" و "بەردی نوێ"، دابەش دەکرێ.

ئێستا دەمەوێ لە مەڕ هونەری بەردی کۆن بۆت بنووسم:

یەکەم دەبێ ئینسانی ئەو سەردەمە بناسی و بزانی لە باری گەشەسەندنەوە لە چ قۆناخێکدا بووە. بار و دۆخی ئابووری چ بووە و بیر و باوەڕ و داب و کرداریشی چلۆن بووە؟ بێ شک کارێکی گرانە بۆت کە وێنایەکی درووستت لە ئینسانەکانی سەرەتا هەبێ، مەگەر ئەوەی، بار و دۆخ و هەل و مەرجیان، لە گەڵ ئینسانی ئەوڕۆدا هەڵسەنگێنی و، لەم ڕێگایەوە لەو جیاوازییە لە رادە بەدەرەی کە هەیەتی تێبگەی.

www.arsivakurdi.org

*نییه. له ئاستی دەسەڵاتدا لەمەڕ ئەم دوولایەنیانە چی دەڵێی؟؟*

– ئەدۆنیس: له جیاوازییەکدا بیری دەوڵەت نه ڕۆژهەلاتدا له چاو ڕۆژاوادا زیتر تۆخمگەرانەترە، میسری لیندەراویته بکرێت، «کە نه ڕۆژهەلات و نه ڕۆژاوا، قوڵفەی ناوەندە»، له هەمان کاتدا، دەوڵەت له ڕۆژاوادا ڕەسەنترە لەوەی له ڕۆژهەلاتدایە بۆچی؟؟ ئەم پرسیارە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و کولتووری و ئەنترۆپۆلۆژی دەخوازێ.

له بنەما سەرەکییە پێکهاتووەکەی «ڕۆژهەلات»دا، چەندی یان چەندایەتییە: ڕەگەزە ئادەمیزادەییەکانی نێوان نەتەوەکان جیاجیایە، زمانەکان جیاوازن، ئایینەکان جیاوازن، کولتوورەکان جیاوازن، وەلێ حوکمڕانیی سیاسی دان بەو چەندایەتییەدا نانێ، بەڵکو حوکمڕان، بە پێچەوانە دەینووسێ، یان نکوولی لێدەکات، له ژێر«یەکێتی» تەلەکەبازی و سەرزارەکی کە نه له مێژوو و نه له واقیعدا، هیچ بناغەیەکی نییە. ئا لەوەدا، درووستبوونی دەوڵەت سەرناگرێ. ئاوا بۆیە «تایفە» جێگەی دەگرێتەوە. له ڕووی سیاسیدا، جیاوازی نێوان تایفەی دوێنێ و تایفەی ئەمڕۆش، تەنیا ئەوەیە کە یەکەمیان کۆنە و دووەمیان تازەیە. دیاردەی سەرەکیش له تازەگەری کۆمەڵگای عەرەبی-ڕۆژهەلاتدا، له ئاستی سیاسی و کۆمەلایەتیدا، دیاردەی «تایفەگەری بەتازەکراوە»، واتە «مۆدێرنکراوە»، له وردەکاری داپڵۆسین و تیرۆرەوە بیگرە تا دەگاتە وردەکاری چەکدارکردن.

خورافیەتە، بەڵام ئەلەکترۆنە!!

**تۆ بە «عەرەبخواز، گەلخواز، شیعەگەر، بێئیمان، بە فەڕەنسی کراو، مارکسی، ئاژاوەگێڕ، تێکدەر، داهێنەر، لاساییکاری سان ژۆن پێرس، شیللی، لیکدۆ، ئاڵۆز و ئاشکرا تاوانبارکراوی. ئایا تۆ هەمووانی؟؟ تۆ یەکێکیانی؟ یان تۆ تاکی بەمانای کۆ؟؟ تۆ کێیی؟؟*

– ئەدۆنیس: با پێبڵێم، من لەم هەموو تاوانبارکردنانە شادم. بەلای کەمەوە من ئەقلی خاوەنەکانیان مژۆڵدەکەم، هانیاندەدەم، دەیانشڵەقێنم، ئەیانحەپەسێنم. ئەوان مەراقداری منن. منیش دەیانبەخشم. بەلای منەوە گرنگ نییە کە من کێم. جارێک گووتوومە و دووپاتی دەکەمەوە.

«کێیە ئەوەی دەڵێ ئەدۆنیس کێیە؟؟».

کە زانیت تۆ کێی. ئەوە تۆ سیحرەکەت «ئاشکراکرد». کە «سوکرات»یش تۆ کێی خۆت بناسەی کردە دروشم، مەبەستی وانەبوو کە بڵێ مرۆڤ دەتوانێ خۆی بناسێ، بەڵکو مەبەستی ئەوەبوو کە زانین دەتوانێ بە ڕووی مرۆڤدا هەڵشاخێ، کەچی ناتوانێ بیپێکێ، بەڵام خودی مرۆڤ زانینە. نهێنی مرۆڤ له شتەونەکانی و ئاڵۆزییەکەیدایە. گریمان مرۆڤ توانی خۆی بناسێ، ئەوکات مرۆڤ دەبێتە نموونەی شتە ئاساییەکان و دەکرێ بناسرێ و دیاریکرێ، یاخود مرۆڤ جۆرێکە له هاتنی مرۆڤایەتی خودی مرۆڤ، مرۆڤ جۆرێکە له چییەتییەکە «ماهیە» ڕاستیەکەش خۆیەتی.

بۆیە ساتێک دەڵێم من «تاکم بە مانای کۆ» دەشڵێم من «کۆم بە مانای تاک» و هەروا دەڵێم «منی خود من نیم».

** شاعیران چییان دەوێت؟؟ گەمارۆدراو له دەستی مەحاڵدا، هاوپەیانی بێ ئاکامەکان، تۆش پێشەنگی لەوانەدا، ئەدی ئەتگووت: «بەرەو دوور دەڕۆم و دووریش هەر تەواو نابێ، ئاوا ناگەم و بەڵام دەدرەوشێمەوە».*

– ئەدۆنیس: سوپاس بۆ توانستی تۆ له هێنانەوەی ئەم کۆپلەیە. کە کۆتایی بەم باسە هێنا و دەرفەتی دام دووبارەی بکەمەوە: «هەرناگەم و بەڵام دەدرەوشێمەوە».

ئەنجامدان:

«پاریس له ۲۰ ی شووباتی ۱۹۸۹»

کورتکردنەوە و وەرگێڕان: ئومێد مەهدی «هەندرێن»

۲-۱-۱۹۹۲ ستۆکهۆڵم.

*تێبینی: ئەم دیدارە له گۆڤاری «النهج» ژ. ۲٦ دا بە زمانی عەرەبی بلاوکراوەتەوە.



www.arsivakurdi.org

رابزانم ئەوەی تێیدا بلاوکراوەتەوە لە نووسینە باشەکانی ئەو راهێنەرانەیە. گەر لە هەرە باشترینیشیان نەبێ.

وێنجا «مواقف» بە تاقانەی گۆڤارەکانی تر دەمێنێتەوە، چونکە لە دامەزراوە سیاسییەکانی عەرەب و رۆشنبیرییەکەی و دەزگاکان دوورە لە رێگای دەرککردنی رۆشنبیران سەربەخۆییەکی تەواوی هەیە. لەم بارودۆخەدا ئەمە شتێکی کەم نییە. هەروا تۆ دەزانی لە ئاکامی ئەمەدا «مواقف» چ نرخێکی بەسەر دەوەستێ، نەک تەنیا لە رووی ئەوەی کە «قەدەغە» و «تیرۆر» دەکرێ، بەڵکو بەوەی چ لەبەر هۆکاری لێترسان یان بەهۆکاری حەزلێکارانی زۆر لەو رۆشنبیرانەی تێیدا دەنووسن «قەدەغەیان» دەکەن.

هەریەک لەم هۆکارانەش لە شێواز و ئامرازەکانیدا تۆرێکی زەبەللاحە لە جۆرەکانی تۆقاندندا.

** ئایا «مواقف» سیاسەتێکی رۆشنبیریی هەیە؟؟ پاشان لە نێوان شیعر، پەخشان و لێتوژینەوەدا لاسەنگییەکی زۆر هەیە؟ چۆن ئەمە شیدەکەیتەوە؟؟.*

– ئەدۆنیس: هەڵبەت گۆڤاری «مواقف» سیاسەتی رۆشنبیریی هەیە.، بەلام بۆ ئەوەی ئەم سیاسەتە ئەنجامبدرێت، توانایەکی زۆری گەرەکە، کە پوول بەشێکیتی. بەشێکی کەم لەو توانایە هەیە ئەویش بەشناکات. وێنجا دۆخێکی «بابەتی» هەیە، «هەندێ جار، ئەم پەیڤە بە کەم ناگرم» کە ئاستەنگ دەخاتە پێش ئەم سیاسەتەی. بۆ نموونە ئەو مەسەلانەی بەو سیاسەتە رۆشنبیرییەوە بەندن، رەخنەگرتنە لە رابردوو یان رۆشنبیرە جێماوە ئایینییەکان، لە روانگەی لێکۆڵینەوەی، «نابێ بیری لێ بکرێتەوە» ئەو رۆشنبیرییە جێماوە، یان «کپکراوە»دا یان کە «کە ناکرێ کەس بیری لێبکاتەوە»، لە ئاسۆی ئایندەوە لە نوێژەندا هەڵسەنگێنرێتەوە. دەڵێم، شتێک لەمەڕ ئەو مەسەلە سەرەکییانەوە بە نووسین نابینین، کێن ئەوانەی دەنووسن، هەتا نەڵێم کەس ناوێرێ بنووسێ. نموونەیەکی بەرچاوترت بۆ بهێنمەوە: رامانگەیاند کە نیمە ژمارەیەکی تایبەت لەمەڕ «رەشەکوژی رۆشنبیریی و رۆشنبیریی رەشەکوژ» لە کۆمەڵگای ئەمرۆی عەرەبدا تەرخان دەکەین، بەلام کەسێکمان نەدی لەم ژمارەیەدا بەشدارییکات. ناچاربووین ژمارە تایبەتییەکە هەڵوەشێنینەوە. لەو ژمارەیەدا نیازمان وابوو سلاوڕێز بۆ ئەو موفەکیر و هونەرمەند و نووسەرانەی، لەم ساڵانەی دواییدا، کە لە لوبنان و ولاتانی تری عەرەبدا رەشەکوژکران بنێرین.

** ئایا گۆڤاری «مواقف» بەشتدەکات؟؟*

– ئەدۆنیس: ئا وەک بۆم باسکردی، هەڵبەتە «مواقف» بەم حالە، بەشناکات.

* جارێک لە حەفتاکان دا لەو پێشەکییەی کە بۆ «مواقف»ت نووسیبوو، ئاماژەی ئەوەت کردبوو، کە شۆڕشی فەلەستین بووە بە بەشێک لە رژێمەکان، ئاخۆ هێشتا هەمان رات هەیە. چۆن سەیری ئەم راپەڕینە دەکەی کە وا بۆ دووەمین ساڵ دەچێ؟؟

– ئەدۆنیس: من کە ئەوم گووت، ئەو کات ئەوە قسەیەکی زۆر قورس بوو. ئەو کات، کەس ئەو قسەیەی لێقبووڵنەکردم. هێرش دەستپێبکرد. «مواقف»یش نرخێکی قەبەی لەسەر وەستا، بەلام ئەمڕۆ گووتنی بۆتە شتێکی ئاسایی. ئەوانەی مەبەست بوون بۆ خۆیان دەیڵێنەوە. بۆیە ئەمڕۆ بۆ من هیچ ناگەیێنێ. سوورم لەسەر ئەوەی کە پاش لەدەستدانی ئەم «رژێمە» چی پێبەخشرا، راپەڕینە دوورنمایی، کە دووەمین لەدایکبوونەوەی شۆڕشی فەلەستینە، ئەم جارە لە «رێکخستنی» چەکدارانەوە بۆ «گەلی شۆڕشگێر» دەیگواستەوە.

«رێکخستن زاڵ دەبێ و کۆتایی دێ، بەلام «گەل» هەرگیز نابەزێنرێو هەمیشە دەمێنێتەوە.

## * لەناو دەسەلاتی هاوچەرخی عەرەبدا

** بەرهەڵدان، یان دەسپێشخەرییەکی سیاسی، لە رووی هاوولاتیانی رۆژاوای عەرەب، تونس، جەزائیر، «لەژێرپاسە»، میسر «بۆرژوا لە قوچاندایە»، مەغریب «دیموکراسی مەلیک» دەبینرێ، بەلام لە رۆژهەلاتدا هیچ دەسپێشخەرییەک لە ئارادا*

رزگاریخوازی سەریهەڵدا، بەلاّم لە پراکتیکدا لەبەر هەر هۆیەک بێ، خۆی لە لایەنێک یا رێگایەکدا دیبەوە کە هەر تێکۆشانێک لە پێناوی ئازادی و رزگاریدا بکرێ، ئەو بزاڤە زێتر تاڵ و ئاڵۆزی دەکا. هەروا ئەم دامەزراوەیە دەستەپاچەیی و کۆیلەیی و داو و تەڵەکان نێچیریان کرد.

## لەمەڕ رەخنەوە

** شاعیران بە خۆیان شۆڕشی شیعری تازەیان راپەڕاند، وێجا رەخنەگران، بە راڤەو لێکۆڵینەوە، کەوتنە دوایان. چۆن رۆڵی رەخنەگران لە خۆڵقاندنی بناغەی مایەکی شۆڕشی شیعر لەو بەشەی کە تەواوبووە، لەوەی دووەم کە دابینتەبووە دەبینی؟؟*

– ئەدۆنیس: وابزانم رەخنەگری جیاجیا و خۆڵقێنەرمان بۆ بزاڤی شیعری تازە هەیە. راستە ئەو رەخنەگرانە هێشتا کە من و هێشتا نووسینی رەخنەکانیان. بەفراوانی بڵاْونەکراوەتەوە، وەلێ ئەمە لە گرنگی و لە مەبەستی گۆڕانی رەخنەکانیان کەم نەکاتەوە، هەرچەندە هێشتا بزاڤی رەخنەکانیان هەژار و بەرتەسکە و رۆچوو نییە و بەراتبەر بە بزاڤی داهێنەرانەی شیعر هاوسان نییە. وەک دەبینم، ئەمەش لە هەندێ لایەنیدا بۆ بزاڤە سەرتاسەریەکەی رۆشنبیریی عەرەب دەگەڕێتەوە. دیارە رەخنەش ئەندامێکی ئەم بزاڤەیە.

ئەگەر باری خودی رۆشنبیریی ساوابێ، کەواتە بۆ رەخنەش سەختە بە تانیا پەلوپۆ باوێ. ئەو بزاڤە، بە مەزەندەی من، بەهۆی ئاوەزە جێماوەکانەوە، لە جەمسەرێکی داخراو دا خولدەخوات. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریشەوە، ئەو هەموو رۆشنبیرییە رووکار و سراوانەی راگەیاندنی بکوژانەی رژێمەکان کە بە جۆرەها کەرەسە سەپاندویانە و پشتیان گرتووە و بواری ئەم بزاڤە تازەیە نادەن.

هەروا حەزدەکەم بڵێم، رۆشنبیریی عەرەب بەرەو جولانێکی بەردەوامی باقوبوون دەچێ.

** بە واتایەکی تر، وێدەچێ شۆڕشی شیعری تازەگەری، شۆڕشێکی ناتەواوبێ.*

– ئەدۆنیس: هەمیشە دەبێ شۆڕش لە شیعردا بە ناتەواوی بمێنێتەوە. بزاڤی شیعر، خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکی ناتەواوە. شۆڕشێکی رەخسکاوی شیعریی، بە دژی شیعرە. کە ئەم شۆڕشە رەخسکا شیعریش کۆتایی دێ و هەمان شێوە مرۆڤیش کۆتایی دێ. مرۆ هەمیشە لەوەی بەرهەمی دێنێ «زیاترە» و لەوەش «زیاتر» و «دوورئاماترە» کە دەیبینێ. ئەم «زیاترە» و ئەو «دوورترە» یە شیعر. هەروا شیعر کۆنبوونی بۆ نییە و کۆتایشی نابێ.

من دەخوازم شۆڕشێک هەبێ رامانتەکێنێ و هەروا بەرەو رەخسکان و بەرەو رۆشنایی و جوانیمان ببات.

** لە کتێبەکەتدا بنەماکان «الاصول» دەڵێی: «راستە هەندێ شوێنەواری هونەریی بە چێژ دیاردەکرێن، بەلاّم راستتر ئەوەیە هەر شوێنەوارە مەزنەکانن کە چێژ دیاردەکەن. یەکەمیان لەگەڵ ساتدا دەگونجێ و دووە میشیان دەیخولقێنێ.*

ئێمەش دەڵێین: راستەکاری ئەفرادنە کە چێژ دیاردەکا، بەلاّم راستتر ئەویە کە چێژ لەبەرچاوبگیرێ. لە کۆێدا لەگەڵت تەباین و لە کۆێشدا پێکدەگەین؟؟

– ئەدۆنیس: لە قسەکەتدا هەبوونێکی پێشینە و دەرەکی، بە چێژ نابەخشێ و ئاماژە بۆ ئەوە دەکەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەبێ شاعیر «ملکەچی» ئەو بێ یان بە قسەی تۆ وا دیارە «کە لەبەرچاوبگیرێ». کەچی گەر بەو قسەیەی تۆ رازیبین، ئەوە شیعر دەبێتە «دەرمان» و شاعیریش دەبێ بە «دوکتۆر».

لەگەڵ ئەم رایەت تەواو ناتەبام.

«چێژ» بە وابەستەی ئەفراندن سەرهەڵدەدا و دەفرازێ و دەگۆڕێت. ئەفراندن یەکەمیانە و دواتر چێژ. سرتە و هەڵچوونی شاعیر لە نووسیندا بۆ «رازیکردنی» چێژ نییە یان «بەرانگیربێتەوە» و بەڵکو سرتەکەی بۆ ئەوەیە تا شیعرێکی بە راستی جوان بنووسێ: سرتەکەی بۆ ئەوەیەبەراستی داهێنێ.



www.arsivakurdi.org

# قەسیدەی رابردوو، قەسیدەی ئایینده

## دیدارێک لەگەڵ «ئەدۆنیس»دا

کورتکردنەوە و وەرگێڕان: نومێد مەهدی «هەندرێن»



عەلی احمد سعید «ئەدۆنیس»

* زاراوەی «شیعری ئازاد»، هیچ مانایەکی نییە، ئەوەش زێتر: زاراوەیەکە نە «شیعر»ی تێدایە، نە ئازادی»یش!.

* لە داهێنەر و بیرکاران «مفکر» دەخوازم لەسەر ئەو رێککەون: ئەگەر هەر یەک لەوان لە رەفتاری پیشەی نووسیندا قەدەغەکرا-واتە هەموویان قەدەغەکراون، ئەگەریش بەر هەر چەشنێ دەسەڵات، کەرامەتی ئەم داهێنەرە یا ئەو بیرکارە پێشێل بکات، واتە ئەم پیشە پیرۆزە و هەموو داهێنەر و بیرکاران پێشێل دەکات.

* بۆ ئەوەی رۆشنبیریی هەر بە چوستی بمێنێتەوە، دەبێ لە دەستەڵات بەدەربێت.

*دۆزەخی ئاوارگە، باشتر و جوانترە لە بەهەشتی دەسەڵاتێکی داپڵۆسەر.

مامۆستا گۆران لاپەڕەی ئەدەبی دەنووسی و ئەزیش لاپەڕەی کریکاران و جوتیارانم دەنووسی، کاکە حەمەی مەلاکەریمیش، جگە لە نووسین بۆ هەموو لاپەڕەکان، جگە لەلاپەڕەی ئەدەبی مامۆستا گۆران، یارمەتی هەموومانیشی دەدا و زۆرشتی بۆ راستدەکردینەوە. لە راستیدا لە هەموومان چالاکتر و بەپرشتتربوو.

خۆشەویستی کاکە حەمەی مەلاکەریم، بۆ گۆران سنووری تێدانەبوو. گۆرانیش زۆری خۆشدەویست، بۆیە جارجارە گاڵتەی لەگەڵدا دەکرد. رۆژێک دووبەدوو لەگەڵ مامۆستا گۆراندا دانیشتبووین و هێشتا نووسەرەکانی تر نەهاتبوون. پاشنیوەڕۆ، مامۆستا گۆران ووتی: با هەندێک مەلا محەممەد بجوڵێنین و کەمێک پێبکەنین. گووتم: چۆن مامۆستا! گووتی: ئێستا دێ و تێدەگەیت. زۆری پێنەچوو کاکە حەمە و هەندێک لە برادەرەکانی دیش هاتن. مامۆستاش رووی لە کاکە حەمەکرد و گوتی: مەلا محەممەد. ئەویش گورج گوتی: بەڵێ مامۆستا.

گۆران گوتی: ئەمڕۆ من و دڵزار چووینە قاوەخانەی بەرازیلی، و لە ناکاو پیاوێکی خێرەومەند پەیدابوو. پارەی قاوەکانی ئێمە و هەموو خەڵکەکەی ئەوێی وێرکرد و سەر و درهەمێکیشی خستە ناو دەستمانەوە و ئیدی هەستاین و هاتینەوە. کاکە حەمەش گورج و بەدەنگێکی بەرز گووتی: تو خوا مامۆستا!. ئیدی گۆران دای لە قاقای پێکەنین و سەیرێکی منیشی کرد و گووتی ئەمگووت دڵزار. ئیدی ئێمەش هەموومان تاوێک پێکەنین.

مامۆستا گۆران زۆر حەزی لە فیلمی باشی سنەمایی دەکرد. رێکەوت لە ناوەڕاستی پایزی ۱۹٦۰ دا هەفتە فیلمی سۆڤیێتی هەبوو، بۆیە پێشەکی هەر حەوت بلیتی فیلمەکانمان کڕی. مامۆستا گۆران و کاکە حەمە و حەمە کەریم فتح الله و حسین عارف و ئەمن. کاک نافع یونسیش لە بینینی دوو فلیم بەشداری لەگەڵدا کردین.

دیسان هەر لە ئاپارتمانەکەی مامۆستا گۆراندا بووم، کە رۆژێک لە گۆڤارێکی کوردیدا چاوم بە پارچە هەڵبەستێکی هۆگری مامۆستا گۆران کەوت، کە هەندێ بریقەی شیعریم تێدا بەدیکرد. بۆیە شەو بە مامۆستام گوت: ئەمڕۆ لە فلان گۆڤاردا چاوم بەپارچە شیعرێکی هۆگر کەوت و تاموچێژی شیعری لێدەهات.

جا مامۆستا لە وەڵامدا، بە بێ زیادوکەم، ئەمەی گووت:« ئێمە زۆر بە شیعرەوە ماندوودەبین، بەڵام بەسەریشیا زاڵین».

لە پاشان لە بارەی شیعردانانی خۆیەوە دواو هەندێ قسەی بەم مانایە کرد:«من کە دەکەومە سەر شیعرنووسین، نەک هەر بێهێزدەبم، بەڵکو نەخۆشیش دەبم، نەخۆشییەکی زۆر قورسیش. هەست بە ئازارێکی زۆردەکەم و ئاگام لە دەورووبەرم نامێنێ، تا لە شیعردانانەکە دەبمەوە و ئینجا وردە وردە بە خۆ دێمەوە و دوای ماوەیەک دەبمەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی».

رۆژێک لە نووسینگەی ئازادیدا خەریکی نووسین بووین، کە هاوڕێ «سەلام عادل»، سکرتێری گشتی حیزب هاتە ژوورەکەمان و دوای سڵاو و لێپرسینمان لە تەنیشت مامۆستا گۆران دانیشت و زۆر بەرێزەوە لەگەڵی دەدوا. هەر بە هاتنی ئەویش سینیە قاوەیەکیان هێنا ژوورەکەمان و لەبەردەمیان دانایەن. هاوڕێ سەلام ماوەیەکی باش دانیشتوو، ئینجا دوعاخوازیکرد و رۆیی.

بە پێویستی دەزانم لێرەدا باسی ئەو رووداوەش بکەم، کە پەیوەندی بە مامۆستا گۆرانیشەوە هەیە. ئەویش ئەمەیە:

لە هاوینی ساڵی ۱۹۷۰ دا، لە بارەگای یەکێتیی نووسەرانی کورد لە بەغدا، کۆمەڵە شاعیر و نووسەرێک بووین دانیشتبووین و باسی جۆرەها بابەتی ئەدەبیمان دەکرد کە مامۆستا شوکور مستەفا، رووی دەمی تێکردم و گووتی: ئەرێ ئەوە چییە «حوسەین عەلی شانۆف» لە کتێبەکەیدا «گۆران، شاعیری کوردی ئەم سەردەمەیە»، کە بە تەمام وەریگێڕمە سەر عەرەبی، زۆر باسی تۆ دەکا و تەنانەت بە خەلیفەی گۆرانیشت دادەنێ!.

لە وەڵامدا گووتم: ئەمن خەلیفەی گۆران نیم و خۆم بە شاگردی گۆران دەزانم، زۆر دۆستی گۆرانیش بووم و دیارە شیعری منیشی دیووە. ئیدی لێرەدا گفتووگۆیەکە بڕایەوە ، بەڵام کە کتێبەکەی کردە عەرەبی و کەوتە بەردەستم ناوی منی هەر بە دوو پیتیش تێدانەبوو. بۆیە بۆم هەیە بڵێم بۆ؟؟؟

ئێستاش شیعری نوێی کوردی دوای گۆران، لە رووی تەکنیکی

www.arsivakurdi.org

شۆڕبووینەوە دۆڵی بێخاڵ و لەوێش وچانێکمان گرت و چەند وێنەیەکی یادگاریمان گرت. هەمیسان کەوتینە ڕێ و دوا قۆناغمان سەرچاوە پاک و ڕوون و ڕەوان و سارد و سازگارەکەی حاجی ئۆمەران بوو، کە دەرماناویشە بۆ گورچیلە و میزەڵدان شوشتن زۆر کاریگەرە و گەلێ کەسی گورچیلە نەخۆش لەوێ چادر هەڵدەدەن و بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک ئەو ژیناوە کەوسەرییە دەخۆنەوە و سپ و ساغ دەبنەوە.

لەوێش وچانێکی باشمان گرت و تێرمان لەو ئاوە سازگارە خواردەوە و * مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی، کۆڕەشیعرییەکەی هەڵدەسوڕاند و شاعیرەکانی پێشکێشدەکرد.

گەلێ وێنەی جوانیشمان گرت و بۆ ئێوارە گەڕاینەوە شەقڵاوە.

ئەدیب و مامۆستا ناسراوەکان زۆر ڕێزی مامۆستا گۆرانیان دەگرت و گوێیان دەدا بە قسەکانی، بەتایبەتی ئەدیبی ناسراو و شەهید عبدالجبار وەهبی «ابو سعید» و شەهیدی لە یادنەکراو دکتۆر «صفاء الحافظ».

***

دوای کۆنفرانسەکە بە کەمتر لە مانگ و نیوێک هەمیسان گەیشتمەوە مامۆستا گۆران. ئەویش ئەوەبوو کە بڕیاردرا بچمە بەغدا و لەگەڵ مامۆستا گۆران و مەلا محەمەدی مەلاکەریم و کاک حەمەکەریم فەتحوللاّ و کاک «حسین عارف»ی چیرۆکنووس ببم بە نووسەرێکی ڕۆژنامەی ئازادی، -کە ساڵی پێشتر لە کەرکوک چەند ژمارەیەکی لێدەرچوو دوایی گوێزرایەوە بەغدا. خاوەنی ئیمتیازی حەفتەنامەی ئازادی، کە لە پاشان هەفتەی دووجار دەردەچوو، شەهید «نافیع یونس»ی ئەمر بوو.

جا ئەوە بوو ڕۆژی یەکی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٠ گەیشتمە بەغدا و چوومە چاپخانەی ڕۆژنامەکەمان، کە لە شەقامی شێخ عومەر دا بوو. نووسەرەکان هەموویان شوێنی نووستن و حەسانەوەیان هەبوو، جگە لە من. بۆیە ناردرامە ئەپارتمانەکەی مامۆستا گۆران کە لە شەقامی شێخ عومەر لە باڵەخانەیەکی پاک و بەرزی و سپی مانگی بە هەشدە دیناری گرتبوو، زۆریشی بە لاوە خۆشبوو پێیدەگووت: کۆشکی سپی!.

هەر لەوێ بووم مامۆستا گۆران ئێوارەیەک هاتەوە، گووتی: ئەمڕۆ «هەژار»م دی، زۆر سڵاوت لێدەکا و گووتی: دێمە خزمەتتان!

بێگومان لە ڕووی لوتفەوە وایگوتبوو، مەبەستیشی مامۆستا گۆران بوو نەک من!.

مانگێک لەوێ لەگەڵ گۆرانی ئەمردا، بە یەکەوە ژیاین تا دایکی ئازاد و منداڵەکانم هاتن و خانوویەکمان لە نێوانی «حافظ القاضی» و «شەقامی جمهوری»دا بەکرێگرت، بەرامبەر بەماڵی عومەر دووسەری کۆیی، کە پیاوێکی فرەچاک بوو زۆریش یارمەتی داین.

هێشتا ماڵەکەمان نەهاتبوو، هەر لەگەڵ مامۆستا گۆرانا دەژیام، کە ئێوارەیەک گووتی: دڵزار دوکانێکی بچوکی خۆشم هەر لەم نزیکانە دۆزیوەتەوە، خاوەنەکەی کوردێکی فەیلییە و هەریسە فرۆشە، با سبەی بۆ نانخواردنی چێشتان، بچینە لای ئەو هەریسە بخۆین.

گوتم: باشە مامۆستا دەچین. ئیدی بۆ خواردنی چێشتان چووینە دوکانەکە. جا هەرچەند شوێنەکە بچووک بوو، بەڵام پاک و خاوێن بوو. کابرا سەر و قاپێکی هەریسە لەبەر دەم داناین، ڕۆنی بەسەر داکردبوو چەند کەوچک وردە شەکریشی بەسەرداکردبوو. ئێمەش بە ئارەزووەوە خواردمان. کە هەستاین یەکی سی فلسی لێوەرگرتین. جا تا بەیەکەوەبووین، هەموو سبەینانێک دەچووین لەوێ هەریسەمان دەخوارد. زۆربەی نیوەڕۆیان هەموو نووسەرەکانی ئازادی لەسەر داوا و ئارەزوو پێداگرتنی مەلامحەمەدی مەلاکەریم، دەچووینە گیپەخانەی «حاتی» کە هەر لە شەقامی شێخ عومەر بوو، بەڵام شۆرەتی لە هەموو بەغدایەدا بڵاوبووبۆوە. دەچووین لەوێ تێکوڕشی پاچە و سەر و زمان و گیپەمان دەخوارد. لە ڕاستیدا فرە بە لەزەت بوو. مەلا محەمەد ناحەقی نەبوو کە فرە ئارەزووی دەکرد.

لە ڕۆژنامەی ئازادیدا کاک نافع سەروتاری دەنووسی، بەڵام گەلێ جار بە عەرەبی دەینووسی و کوردییەکەی بینهێنبوو، جا کاک حەمەکەریم فەتحوللاّ بەکوردییەکی ڕەوان دایدەڕشتەوە.



www.arsivakurdi.org

ناردراینە موسڵ و لەوێش دوای هەشت نۆ ڕۆژێک، لە ڕێی بەغداوە ناردراینە حەبانیە.

ئەوەی شایانی باسە، ئەوەیە کە یەکمجار بوو چاوم بە بەغدا کەوت، بە بەراوردکردن لەگەڵ کۆیە یان شارێکی وەک هەولێر، شارێکی زۆر گەورە و ئاوەدابوو. هەروەها چاوم بە گاری کەوت؛ کە بە لامەوە زۆر شتێکی سەیربوو. فارگۆنێکی وەک تراموای لەسەر ڕێیەکی ئاسن بوو؛ کە لە نێوانی بەغدا و کازمیە ڕاکێشرابوو. ئەم فارگۆنە دوو ئێستری قەڵەو ڕایاندەکێشا، لە بەغداوە بۆ لای کازمیە و لە کازمیەشەوە بۆ بەغدا!

لە هاوینی هەمان ساڵدا ناردراینە بەغدا و ئوردوگامان لە وەشاش بوو ڕۆژانی هەینی دەچووینە ناو شار و بە سواری گاری دەچووینە کازمیە و دەگەڕاینەوە. هەروەها چەند جارێکیش چاوم بە شاعیری گەل، مەلا عەبودی کەرخی کەوت. پیاوێکی درێژ و مەیلە و ڕەقەڵە و زمانپاراو بوو، جەماوەرێکی زۆری تێدەئاڵا و ئەویش ئاوناوە دەنگی لێهەڵدەبڕی و شیعری دەخوێندەوە و بە هەزاران چەپلەی بۆ لێدەدرا.

ڕۆژی ٢٨ی شوباتی ١٩٤٣ بە سەرباز وەرگیرام و تا ڕۆژی ١٩٤٤/١٢/١٧ لە حەبانیە و بەغدا و تەلحە و زوبێر و شوعەیبە و بەسرام بەسەربرد و سەردانێکی کۆیەشم کردەوە. ڕۆژی١٩٤٤/١٢/١٧ لە حەبانیەوە بە ئۆتۆمۆبیلی عەسکەری بە سێ قۆناغ گەیشتنە بەندەرەجوانەکەی حەیفا لە فەلەستین و لەوێشەوە بەرەو باشوور شۆڕبووینەوە و چووینە گوندی قەستینە کە دەکەوێتە باشووری شاری یافا وە، کە کۆمپتنیاکەمان، کۆمپانیای ئمرە هەشتی کورد لەوێ بوو.

هەموو یەکشەموانێک ڕوومدەکردە تەلئەبیب و یافا یان شاری قودس. جارێ لە جاران ٢ی نیسانی ١٩٤٥ کوڕێکی برادەرم کە ناوی «عەلی ڕەسووڵ» بوو، پێیگووتم: مامۆستا گۆران لە یافا بەڕێوەبەری ئێستگەی ڕادیۆی کوردستانە، دەڵێی چی سەردانێکی بکەین؟. بەڕاستی زۆرم پێخۆشبوو، یەکسەر گووتم: زۆرباشە و زۆریش حەزدەکەم، با ئەمڕۆ بچین. ڕۆژەکە یەکشەمە بوو، بۆیە هەر ئەو ڕۆژی چووینە تەلئەبیب و لەوێشەوە بە چەند دەقیقەیەک بە پاسێکی ئەفەریەر چووینە یافا، کە بەندەرێکی جوان و بەهەرمێنی فەلەستینە و ئەویش وەک حەیفا دەکەوێتە سەر لێواری زەریای سپی ناوەڕاست و ناوەندێکی هەرە گرنگی پرتەقاڵ و ترشەمەنییە، نەک هەر لە فەلەستین، بەڵکو لە تێکڕای جیهاندا.

ئێستگەی ڕادیۆی «شەرقی ئەدنا»، لە ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانیدا لەوێ بوو، کە بەشە کوردییەکەی پێیدەگووترا «ئێستگەی ڕادیۆی کوردستان». جا لەگەڵ «عەلی ڕەسووڵ»دا، کە خەڵکی سلێمانی بوو، چووینە ئێستگەکە و لەوێ چاومان بە مامۆستا گۆران کەوت. بۆ یەکەمجار گەلێک پێکەوە دووایین و «ڕەئووفی کەریم بەگ»یشمان دی کە وێژەر بوو، بەڵام بەر لە «ڕەئووف»، «ڕەفیق چالاک» وێژەر بوو، دەنگوباسی بڵاودەکردەوە، کەچی لەوێ نەمابوو گەڕابۆوە وڵات و مامۆستا گۆرانیش هەموو ڕۆژێک وتارێکی سیاسی هەبوو.

شایانی باسە ئەوەش بڵێم، کە لە بیرەوەییەکانیشمدا نەم گووتوە کە ئەم ڕووداوە ئاشاسییە: مامۆستا گۆران و ڕەئووفی کەریم بەگ، هەردووکیان لێیان پرسیم: ئەمڕۆ حەزدەکەین ئەگەر گۆرانیەکمان لە ستودیۆیەکەدا بۆ بڵێی و بڵاویبکەینەوە.

منیش کۆمەڵێک گۆرانیم هەبوو لەسەر ئاوازەکانی کەلسووم وئەسمەهان دەگوتران، بۆیە ئازانم بۆ گووتم: گۆرانییەکی خۆشم هەیە لەسەر ئاوازی گۆرانییەکی ئەسمەهانە، بەڵام دەنگم یارمەتیم نادا وەک پێویستە دەریبڕم. کەچی ئەوان وەک قیر و بنێشت پێمەوەنووسان و گووتیان مادامکی کوردییە و ئاوازی مۆسیقی هەیە بیڵێ و هیچ شەرمیشی پێناوێ، گۆرانییەکە لەسەر ئاواز و هەوای ئەم گۆرانییەی ئەسمەهان بوو:

فرق ما بينا ليه الزمان؟ د العمرى كله بعدک هوان!

ئەی گوڵی ژینم ئارامی گیان مەرهەمی برینم دیدەجەیران
وەرە سەرینم عیسای زەمان ئەختێ هێورکە دەردی گران



www.arsivakurdi.org

# لەگەڵ «گۆران»ی نەمردا

## ئەحمەد دڵزار



ئەمساڵ، ساڵی ١٩٩٢ی زایینی. هەشتاوهەشت ساڵ بەسەر لەدایکبوون و سێ ساڵیش بەسەر کۆچی دوایی، شاعیری هەرە گەورەی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا، بەسەر «گۆران»ی مەزندا

تێدەپەڕێ و دوای ئێمەش سەدان و هەزاران ساڵ دێن دەڕۆن و ناوی «گۆران» و «شیعری گۆران»، تا ژیان لەسەر ئەم ئەستێرەشینەی ئێمەدا بمێنێ. پشتاوپشت دەگا بە نەوەی لەمەولای کورد و شیعر دۆستانی جیهان.

ساڵی ١٩٤٢، واتا پەنجا ساڵ بەر لە ئەمساڵ، لە ناکاو لە نزیک دەروازەی تاقە قوتابخانە ناوەندییەکەی کۆیەماندا، کە لە سەرەتای زەوی میری بوو، دوور بە دوور چاوم بە گۆرانی شاعیر کەوت. پیاوێکی هێشتا لاو و ڕێکوپێک و زیندە شێک بوو.دەفتەرداری فەرمانگەی (ئەشغال)ی هەولێر بوو. بە میوانی هاتبووە لای ئەندازیاری هەمان فەرمانگە، لای کاک جەمال خورشیدی حەویزی. ئەوسا تازە خەریکی شیعردانان بووم و هەندێ شەرمن و گۆشەگیریش بووم، لەو تەمەنەشدا نەبووم کە لەگەڵ مامۆستایێکی گەورە و بەتوانای وەک گۆراندا وتووێژبکەم، بۆیە هەر بە دیتن دیم و بەس.

هەر لە هەمان ساڵیشدا خوێندنی ناوەندیم لە کۆیە تەواوکرد و ئیدی لەبەر نالەباری ژیان و گوزەران بۆم نەکرا، بچمە هەولێر و وەک هاوکارەکانم بخوێنم. هەر لە کۆیە بێکار و کاسبی مامەوە و جگە لە خوێندنەوە و بیر لە شیعرکردنەوە، کارێکی دیم نەبوو.

لە مانگی شوباتی ١٩٤٣دا، لەگەڵ مەفرەزەیەکی سوپای لیڤیدا ڕێکەوتم و هەر لەگەڵ ئەوانیشدا چوومە هەولێر و لەوێشەوە لەگەڵ کوڕێکی هەولێریدا، کە ناوی «هەدینی» بوو



www.arsivakurdi.org

«من که دەکەومە سەر شیعرنووسین، نەک هەر بێهێزدەبم، بەڵکو نەخۆشیش دەبم، نەخۆشییەکی زۆر قورسیش. هەست بە ئازارێکی زۆردەکەم و ئاگام لە دەورویەرم نامێنێ، تا لە شیعردانانەکە دەبمەوە و ئینجا وردە وردە بە خۆ دێمەوە و دوای ماوەیەک دەبمەوە بە مرۆڤێکی ئاسایی».

«گۆران»

www.arsivakurdi.org

# گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد - سوێد

## گۆڤارێکی وەرزیی ئەدەبی، رۆشنبیرییە


لەگەڵ «گۆران»ی ئەمردا ........................ ئەحمەد دڵزار
قەسیدەی رابردوو، قەسیدەی ئایندە..................دیدارێک لەگەڵ «ئەدۆنیس»...... هەندرێن
هونەری ئینسانەکانی سەرەتا..............ن. رضا علامە زادە..................... ... و. ناسری رەزازی
مرووری زەمان.................................... نووسینی: کەریمی حسامی
سوراخ............................................ نووسینی: جەلالی میرزا کەریم
دیوانی وان: خەبات عارف......بەرۆژ ئاکرەیی......مەوجود سامان......حەمە عەباس... کەریمی دافعی
تا شکۆفەی سووری کراسێک و هونەری وەرگێڕانی شیعر............ جەعفەری شێخولیسلامی
«نالی» لە بەردەم پڕۆژەی خوێندنەوەیەکی نوێدا.................. بەختیار عەلی
ئەفسانە بۆ منداڵ.................................. و. بەدران ئەحمەد حەبیب
د جاڤکانەیەکە ترکی دە نالی...................................... مەحمود لەوەندی
تایەک پۆرێ سپی........................................ قەدری جان
سەرزولووت................................................ زنارێ خامۆ
هەڵبەستەک ژ عەبدولاَ پەشێو
یادنامەیەکی منداڵێکی فەلەستینی لە بێروتدا.................. لەتیف هەڵمەت
کلاتا باڤا ئڤرایی.............................................. مەنزوور چەم
سانکا لازێ پیرێ و سایە مزۆزێ................................ مەنزوور چەم
مەلای گەورە...................................................... جەمشید حەیدەری
نەورۆز و سەربتاککرنا قبولنامەیا گیان........................ ئەحمەد حسێنی
چیرۆکنڤیسەکی کورد، نزار محەمەد سەعید........................ خەلیل دهۆکی
هەڵبەستەک ژ خەبات عارف
ل سەر دیوانا مەلایێ جزیری..................................... م.ئەمین نارۆزی
گۆتنێن پێشیيان.................................................. مستەفا ئیبراهیم



بەرپرسیار
یەکێتیی نووسەرانی کورد
سوێد

دەستەی نووسەران
خەبات عارف
خەلیل دهۆکی
رزگار عەبدوڵلاَ
س.ج.هێرش
مالمیسانژ
محمود لەوەندی
ناسری رەزازی



ناونیشان:
WAN
BOX 490 90
100 28 STOCKHOLM
SWEDEN

TELEFON: 08/652 85 85
TELEFAX: 08/650 21 20
POSTGIRO: 79 47 81 - 5





www.arsivakurdi.org

19 2 92



گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد / سوید

www.arsivakurdi.org